بسم الله الرحمن الرحيم

پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ١٤ ) :

| پەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | با هەموومان بانگخواز بین ئەگەر نا ......................... | سەرنووسەر |
| ٣ | خوێندکاران و ساڵی تازەی خوێندن ......................... | هیوا زیرەك |
| ٤ | ( الإخلاص و الإتباع) مەرجی قبوڵ بوونی عیبادەتن لای خوا ....... | شالأو لطيف |
| ٦ | لەشی مرۆڤ هەمووی لە ناو دەچێت جگە لە ......................... | خالد حسين |
| ٧ | وەڵامی پرسیارێك و چەند بەڵگەیەك ......................... | صباح نجيب |
| ٧ | گرنگی بەندایەتی ، چەمك و واتاكەی ......................... | د. كاوە ئەكرەم |
| ١٠ | ئافرەتێك دەبێتە دەبێتە نمونەی ئارامگرتن ......................... | م. پشتيوان محمد |
| ١١ | تەنها بۆ بیرخستنەوە ......................... | إدريس محمود |
| ١٢ | دەزانی كێ نوێژ ناكات ؟ ......................... | م. هاوار عبدالله |
| ١٤ | دەرمانی دەردی دڵان ......................... | حيدر عدنان |
| ١٥ | با پوند وەرگرین لەو ڕووداوانەی كە ......................... | محمد نجم صالح |
| ١٦ | تەكنۆلۆژیا و دەردە سەری ......................... | سەردار عبدالله |
| ١٧ | چەند وانەیەك لە پێخەفی مەرگدا ......................... | جيهاد قادر |
| ١٨ | تەوبە لە سەماگە ......................... | بلال جلال فيض الله |
| ١٩ | خۆشویستنی بۆ ئیسلام هۆكارە بۆ ......................... | م. فلاح حسن |
| ٢٠ | ڕێزگرتن لە زانایانی ئەهلی سوننەت نیشانەیە بۆ ئیمان ......... | كارمەند محمد قادر |
| ٢١ | ئەوروپاییەكان چۆن لە دین لایاندا ......................... | عبدالجبار أحمد زۆراب |
| ٢٢ | زانست دەپرسێت ......................... | صباح و بيلال |
| ٢٤ | Ethics with the speech of Allah .............. | م. رزگار محمد |

تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت .

✍ بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

بۆ پەیوەندی:

٠٧٧٠٢٩١٢٦١٣

Zanest@Gawab.com

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی :

**www.ba8.org** بکە .

سەرنووسەر :

عدنان بارام . دەرچوی عربی . صلاح الدین .

دەستەی نووسەران :

علي محمد . دەرچوی کۆمەڵایەتی کەلار .

صلاح علي قادر. دەرچووی ئەندازیاری سلێمانی

هیمن کریم عەزیز. کۆپیوتەری هەولێر

جیهاد قادر. دەرچووی عەرەبی قەڵادزێ

وورد بین و هەڵە چن:

هاوار عبدالله. دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان

دیزاینەر: رزگار محمد. دەرچووی ئینگلیزی هەولێر

## با هەمووماں بانگخواز بین بۆ چاکە، ئەگەر نە .. ؟!

شوکر و ستایشی بێ پایان بۆ خوای پەروەردگار و میهرەبان کە جارێکی تر . دوای دوو ساڵی پڕ شکۆداری و خزمەتگوزاری لە چەندەها بواری جیاجیا و هەمە ڕەنگدا . دەرفەتی ئەوەی پێ کەرەم کردین کە ئەم ساڵیش لەم دەروازەیەی ئومێدەوە . ( مینبەری زانست ) . کە مینبەری هەموو خاوەن زانست و زانست خوازێکە . بێینەوە خزمەت ئێوەی بەڕێز ... بۆ ئەوەی پێکەوە ئەم مۆم و مەشخەڵە زانستیە بکەین بە ڕووناککار و ڕێنیشاندەری توێژ و چینێك لە گۆمەڵگا کە بناغەی هەموو کۆمەڵگایەکی پتەو و پێشکەوتووە .

**بەڕێزان :** دیار و ئاشکرایە لە لای هەمووان کە هەموو گەل و کۆمەڵگایەك پێویستی بە کەسانی چاوساغ و خاوەن هزر و فیداکار هەیە بۆ چاکسازی و برەودان بە کۆمەڵگا و بەرەو پێش بردنی و هەوڵدان بۆ گەیاندنی بە ئاسوودەیی لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا ... بواری زانستی بێت یان لایەنی ڕەوشتی یان ئەمن و ئاسیش ، یان بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و یان لایەنە ڕامیاریەکان ... ، یان بواری ئاینی کە هەموو ئەو بوارانەی پێشوو دەگرێتەوە ، بۆیە دەبینین خوای پەروەردگار فەرمانی ئەوەی پێکردووین کە کەسانێك هەبێت لەم ئوممەتە هەستن بە بانگەشەکردن بۆ هەموو چاکەیەك ، لە گەڵ یاساغی ( نەهی ) کردن لە هەموو خراپەیەك ، و دەشبینین پەروەردگار سەرفرازی و بردنەوەشی هەر بۆ ئەوانە داناوە ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ ( آل عمران : ١٠٤ ) .

پێشەوا ( ابن كثير ) لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی : (( والمقصود من هذه الآية ، أن تكون فرقة من هذه الأمة متصدية لهذا الشأن ، وإن كان ذلك واجباً على كل فرد من الأمة بحسبه )) ( تفسير ابن كثير : ١ / ٤٧٨ ) ، **واتە :** مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە کە کۆمەڵێك لەم ئوممەتە بەو کارە هەستێت ، ئەگەرچی ئەو کارە لەسەر هەموو تاکەکانی ئەم ئوممەتە . هەرکەس و بەپێی توانای خۆی . پێویستە. وە سەبارەت بە ووشەی ( الخير ) لە ئایەتەکەدا فەرموویەتی:(( الخير إتباع القرآن وسنتي )) ( تفسير ابن كثير : ١ / ٤٧٨ ) .

وە پێغەمبەری خۆشەویست و ئازیزیشمان . پێغەمبەری نێردراو بە میهرەبانی بۆ هەموو جیهان . ﷺ هەروەکو ( عَبْدالله ) ی کوڕی ( عَمْرو ) رضي الله عنه لێیەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی : " بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً " ( رواه البخاري ) واتە : ئەگەر ئایەتێکیش بێت لەمنەوە بیگێڕنەوە .

دەبا بەڕێزان ئێمە و ئێوەش . بە پشتیوانی پەروەردگار . دەست بەدەست هەمووماں پێکەوە بانگخواز بین بۆ چاکە .

ئەمە یەکێکە لەو پێویستیانەی کە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك . هەر کەس و بەپێی خۆی . ، چونکە ئەگەر موسڵمانان ڕێگر نەبن لە خراپە دەبێت لەوە بترسن کە سزایەکی گشتگیر هەمووان بگرێتەوە ، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إن الناس إذا رأوا المنكر فلم يغيروه أوشك أن يعمهم الله بعقاب " ( السلسلة الصحيحة : ١٥٦٤ ) ، **واتە :** ئەگەر خەڵکی خراپە ببینن و هەوڵی گۆڕانی نەدەن ، ئەوا نزیکە خوای پەروەردگار سزایەکی سەخت بەسەر هەموویاندا بدات .

نەك هەر ئەوە . واتە توشبونمان بە سزای خوای پەروەردگار . بەڵکو چاوەڕوانی ئەوەش بین کە بە دەردی نەوەکانی ئیسرائیل بڕۆین کە نەفرینیان لێکرا لەبەر تاوان و ستەم و هەڵنەسانیان بە یاساغی ( نەهی ) کردن لەوانەی کە کاری خراپەیان ئەنجام دەدا ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ ﴾ ( المائدة : ٧٨ ، ٧٩ ) ، **واتە :** نەفرین کرا لەوانەی کە بێ باوەڕبوون لە نەوەکانی ئیسرائیل ، لە سەر زمانی پێغەمبەران ( داود ) و ( عیسی ) ی کوڕی ( مریم ) ئەوەش لەبەر ئەوەی کە سەرپێچی و ستەمیان دەکرد و یاساغیشیان نەدەکرد لەو خراپانەی کە دەیانکرد .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**سەرنووسەر**

# خوێندکاران و ساڵی تازەی خوێندن

دیسانەوە ساڵێکی تازەی خوێندن وەکو تاقیکردنەوەیەکی دیکە بەرۆکی خوێندکارانی گرت جا چ کوڕ بێت یاخود کچ، وە گومانی تێدا نیە ئەمەش خۆئامادەکردنێکی تەواوی دەوێت ، جا پێویستە لەسەر کچان و کوڕانی ئیماندار چەند خاڵێك هەیە بتوانن ڕەچاوی بکەن و بەگوێرەی تواناشیان جێبەجێی بکەن بۆئەوەی لەو تاقیکردنەوەیە دەربچن، ئەوانەش :

١ . پێویستە لەسەر کوڕان و کچانی ئیماندار سەرەتا نیەتی خۆیان یەکلا بکەنەوە لەبۆ خودای پەروەردگار ، بەوەی هەوڵ بدەن و تێبکۆشن کاتێك دەچنە خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆکان یەکەم شت نیەتیان بۆ خودا بێت نەك بۆشتی دنیایی و شتی پڕو پوچ ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی " إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ ما نوى" (١) . واتە " هەموو کردەوەیەك بەنیەتە ، وە هەموو کەسێك ئەوەی بۆ هەیە کەلەنیەتیدا بووە ". بۆیە هەرچی کەسێك نیەتی ئەوە بێت خوا نەخواستە بۆ ڕابواردن و بۆ کات بەسەر بردن بچێت وابزانێت کە ئەو جێگایانە تەنها ڕابواردنە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەرداو هەر خەریکی ئەو کارە نابەجێیانە بێت جا چ کوڕ بێت یاخود کچ ئەوا هەر ئەو حسێبەی لەبۆ دەکرێ لەلای خودای پەروەردگار ، بۆیە باشترین شت لەبۆ خوێندکارانی ئیماندار ئەوەیە نیەتی خۆیان بپارێزن تەنهاو تەنها لەبۆ خودا بچنە ئەو جێگایانەو تەنها مەبەستیان ئەوەبێت دواتر پۆستێك بگرنە دەست و تیایدا خزمەتی دین و ئیمانەکەیان بکەن و خەڵکیش بۆلای بانگهێشت بکەن.

٢ . پێویستە لەسەر کوڕان و کچانی ئیماندار ڕەوشتی خۆیان نەدۆڕێنن ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ لەچەندین فەرموودەدا باسی ڕەوشت جوانی کردووە لەیەکێك لەو فەرمودانەدا دەفەرموێت "أحب عباد الله إلى الله أحسنهم خلقا "(٢). واتە" خۆشەویستترین بەندەی خودا لای خودا کەسێکە کەباشترین و جوانترین ڕەوشتی هەبێت ".

بۆیە برا ئازیزەکەم خوشکە بەڕێزەکەم ، هیچ کاتێك هەوڵی ئەوە مەدە لەو چەند مانگە کەمەی کە خەریکی خوێندنی بیر لەشتی خراپ بکەیتەوە جا هەر ناوێکی هەبێت وەکو ( عیشق ، خۆشەویستی ، خوشك و برایی ، دۆستایەتی ، پەیوەندی هاوپۆلی و هاوشاریی...هتد) هەموو ئەمانە هەریەکەو لەلای خۆیەوە دەرگایەکی پێوەیە هەرکاتێك ویستت بیکەیتەوە ئەوا لەو دیو دەرگاکەوە هەمووی کاری فاحیشەو بەدڕەوشتییە کە سەر دەکێشێت بۆ زیناو داوێن پیسی خودا پەنامان بدات ،دواتر کەتوش بوویت ئەو کات پەنجەی پەشیمانی دەگەزیت و تازەش کار لەکار ترازا و هیچت پێناکرێ جگە لەوەی چاوەڕێی مەرگی خۆت دەکەی ، چونکە خودای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَلاَ تَقْرَبُواْ الزِّنَى ﴾ (٣) . واتە " نزیکی داوێن پیسی مەکەونەوە".

لێرەدا مەبەستی خودای گەورە ئەوەیە کەنابێت ئەو ڕێگایانە بگرینە بەر کەتوشی داوێن پیسیمان دەکات ، لەسەروی هەموشیەوە کاری بەناو (خۆشەویستی یاخود عیشق).

٣ . پێویستە لەسەر کوڕان و کچان هەوڵی ئەوە بدەن تێکەڵی یەکتر نەبن ، واتە پێکەوە نەوەستن یاخودا پێکەوە لەکافتریاو شوێنە تایبەتی یەکان مەوەستن و پێکەوە دامەنیشن هەر خەریکی قسەو باس بن چونکە گەر باسی هیچ شتێکی خراپیش نەکەن ئەوا هەر سەر دەکێشێ بۆکاری نابەجێ و خراپ و هەرتووشی خراپەتان دەکات.

٤ . پێویستە لەسەر کوڕان و کچانی ئیماندار کەسانێك بەهاوڕێ بگرن کەڕەوشتیان باش بێت چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت " لا تصاحب إلا مؤمنا"(٤) . واتە " هاوڕێیەتی کەس مەکە تەنها ئیماندار نەبێت". واتە دەبێت ئێمە کەسێك ئیمانی تەواو نەبێت نابێت هاوڕێیەتی بکەین چونکە زەرەری هەیە بۆ دین و بۆدنیاشمان.

٥ . پێویستە لەسەرتان لەخودا بترسن لەهەموو کات و شوێنێکدا بەتەنها بوون یاخود لەگەڵ خەڵکی ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت " اتق الله حيثما

---

(١) متفق عليه.

(٢) صحيح جامع ، رقم ١٧٩.

(٣) سورة الإسراء ، أية ٣٢.

(٤) حديث حسن ، صحيح الجامع الصغير ، رقم ٧٣٤١.

کنت"(٥) .واتە " لەخودا بترسن لەهەر کوێیەك بوون".

٦ . پێویستە لەسەرتان هەوڵ بدەن بخوێنن جا چ کتێبی مەنهەجی خوێندنگا بێت یاخود کتێبی دیکە بێت ، و هەوڵی ئەوەش بدەن زیاتر کاتەکانتان بەخوێندنەوەی کتێبی ئاینی بەسود پڕ بکەنەوە بۆئەوەی زیاتر ئاشنا بن بەو دینە جوانەی کەهەڵتان گرتووە وە بۆئەوەی کە هیچ کەس نەتوانێت فریوتان بدات و لەخشتەتان بەرێت. بۆیە دوا وتەم ئەوەیە کە پرسیاریان لە ئیمامی ئەحمەد(ڕەحمەتی خودای لێبێت) کرد و پێیان وت ، تۆ چۆن بەیانی دەکەیتەوە؟! ئەویش پێیانی فەرموو : نازانم چۆن بەیانی دێت لەکاتێکدا خودایەك داوای جێبەجێکردنی فەرزەکان دەکات ، وە پێغەمبەریکیش داوای جێبەجێکردنی سوننەتەکانی دەکات ، وە فریشتەکانی سەرشان داوای چاککردنەوەی کردەوەکان دەکەن ، وە نەفسیش داوای جێبەجێکردنی هەواو ئارەزووەکانی دەکات ، وە شەیتانیش داوای ئەنجامدانی کاری بەدڕەوشتی خراپە دەکات ، وە ملك الموت چاودێری دەرکردنی ڕوحت لەجەستەتدا. برایانی خۆم خوشکە بەڕێزەکانم ئێوەش هەوڵ بدەن بەجوانترین شێوە ئەم ساڵە بەڕێ بکەن بۆئەوەی لەکۆتاییدا شانازی بەوەوە بکەن کەخوداتان لەخۆتان ڕازیکردبێت ، وەشوێنی سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ کەوتبن ، وە ئامانجەکانی خوێندنیشتان هێنابێتە دی وە هیلاکی و ماندوو بوونی دایك و باوك و مامۆستا بەڕێزەکانیشتان بەزایە مەدەن و سەربەرزیان بکەن بەڕەوشتە جوانەکانتان و بەزانست و زانیارییە پڕ سوودەکانتان.

**ئا . هیوا زیرەك ... دەرچووی بەشی کوردی ( ك . پ . کەلار )**

## ( الإخلاص و الإتباع )
## مەرجی قبوڵ بوونی عیبادەتن لای خوا

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە کە هیدایەتی داین بۆ دینی ئیسلام ، وەپێغەمبەری ﷺ بۆ ناردوین تاڕێنمایمان بکات وئیمەش شوێنی بکەوین .

موسڵمانان : وەك چۆن تەرازو و هەیە بۆ پێوان وکێشان بۆ هەرشتێك کەپێویست بێت بپێورێت ، بەهەمان شێوەش خوای گەورە بۆ هەرکارو کردەوەیەك کە ئەنجامدەدرێت لەدینی ئیسلامدا ، دوو مەرجی سەرەکی داناوە بۆ کێشان وتەواویەتی وقبوڵ بونیان دوای ئیمان هێنان بەخواو بەپێغەمبەری خوا ﷺ ، کەزۆرێك لە موسڵمانان عیبادەت دەکەن وخۆماندو دەکەن بەڵام لێیان وەرناگیرێت ، چونکە ئەم دوو مەرجەی تێدا نەهاتۆتەدی یان یەکێکیانی لەدەستداوە ، چونکە هەریەکێکیان بەبێ ئەوی تریان دەبێتە ڕێگر لە قبوڵبونی عیبادەت لای خوای گەورە ، وە سزاش دەدرێت لەسەر ئەنجام دانی ، بەڵام کە دوو مەرجەکەی تێدا هاتەدی موسڵمان دڵی ئارام دەبێت و دڵنیادەبێت لە قبوڵبونی کردەوەکەی إن شاء الله .

خۆشەویستان : بۆیە بەپێویستم زانی لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتە بخەمە ڕوو کەزۆر جێگای گرینگی پێدانە مەرجی سەرەکین لەدینی ئیسلامدا.

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ عَامِلَةٌ نَاصِبَةٌ تَصْلَى نَارًا حَامِيَةً ﴾ ( الغاشية : ٣ ـ ٤ ) ، واتە : لەدنیادا عیبادەت و کردەوەدەکەن بەردەوام بەڵام تەنها ماندوو بوونیان بۆ دەمێنێتەوە لێیان وەرناگیرێت ، و دەخرێنە ناو ئاگرێکی زۆر گەرمەوە لەدواڕۆژدا . بۆچی؟ چونکە کردەوەکانیان بەپێی ئەم دوو مەرجە نەبوە عیبادەتیان دەبێتە تەپوتۆز و نامێنن .

پەروەردگارمان دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴾ ( الكهف : ١٠٣ ـ ١٠٤ ) واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بفەرموو ئایە هەواڵتان پێبدەین بەخەسارەتمەندترین کەس لەکارو کردەوەیاندا، ئەوان ئەوکەسانەن کە گومران وکارو کردەوەیان بەفیڕۆچووە لەژیانی دنیایاندا کەئەنجامیانداوە، واشیان حیساب کردووە کە عیبادەتی چاکیان کردوە بەڵام لەڕستیدا خەسارەت مەندن .

خوێنەری ژیر : بیربکەوە خۆ ئەم جۆرە خەڵکە کردەوە دەکەن بەڵام بۆ لێیان قبوڵ ناکرێت ؟ هۆکارەکەشی ئەم دوومەرجەیە کەباسیان دەکەین.

(٥) صحيح الجامع ، رقم ٩٧.

یەکەم : ( الإخلاص ) واتە : مەبەست ونیەتێکی پاك ودڵسۆزانە لەدڵەوە بۆخوای گەورە ، چونکە خوا کردەوەیەك وەرناگیرێت کە تەنها بۆ ئەونەکرێت ، بۆیە هەرچی عیبادەتە کە ئەنجام دەدرێ دەبێت نیەتت لەدڵەوە تێیدا تەنها خوا بێت .

پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت : " إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى " ( رواه البخاري و مسلم ) واتە : هەموو کارو کردەوەیەك بەگوێرەی نیەت و ویستە وەهەر کارێك کەدەکرێت بەگوێرەی نیەتەکەی دادەمەزرێت ودەنوسرێت.

ئەم فەرموودەیە فێرمان دەکات کەنیەتەکانمان یەکلا بکەینەوە تەنها بۆ خوا، چونکە کردەوە بەگوێرەی نیەتەکەی دەپێورێت، کەچاك وتەنها بۆخوا بوو پاداشتی بۆ هەیە، وە ئەگەر خراپ و بۆ غەیری خوابێت نەك پاداشت وەرناگرێت بەڵکو لەسەر کردنیشی سزا دەدرێت .

خوا گیان دەفەرموێ : ﴿ .. فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَهُ الدِّينَ أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ ... ﴾ ( الزمر : ٢ ـ ٣ ) واتە : دەی خوا بپەرستە بەتەنها و تەنها نیەتت بۆ ئەو بێت مەبەستت هیچ شتێکی تر نەبێت لەکردەوەکانتدا بادوور بێت لە شرك و هاوەڵدانان بۆ خوا کە ئەوەش یەکتاپەرستیە ، چونکە نیەت پاکی تەنها بۆ خوایە ) . وە دەفەرموێت : ﴿ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ .. ﴾( البينة : ٥ ) واتە : فەرمانیان پێنەکراوە مەگەر بەتەنها خوا بپەرستن بە نیەتێکی پاکەوە و بەبێ شەریك .

کەواتە : پێویستە هەرکەسێك کەعیبادەت دەکات یان فێری زانست دەبێت یان خەڵك فێردەکات یان بانگەشە بۆ کاری چاکە دەکات یان ماڵ دەبەخشێت و یارمەتی خەڵك دەدات ... با نیەتی خۆی یەکلا بکاتەوە تەنها بۆخوا ، وهیچ مەبەستێکی تری نەبێت کارەکەی بەرەکەتیشی نابێت و لەسەریشی سزا دەدرێت ..

دووەم : ( الإتباع ) ، شوین کەوتنی پێغەمبەر ﷺ :

بەڕێزەکانم : دووەم مەرج کە پێویستە هەبێت لە گەڵ نیەتدا شوێن کەوتنی پێغەمبەرە ﷺ لە هەموو عیبادەت وکارێکدا ، چۆن ئەنجامی داوەو فەرمانی پێکردووە بەو شیوەیە ئێمەش بیکەین وشوێنی کەوین ، خەڵکانێك کردەوە دەکەن بەڵام لێیان وەرناگیرێت ، چونکە بەگوێرەی سوننەت وفەرمانی ئەو نەکراوە ، ئەوکەسە لەخۆیەوە دەیکات بەبێ بەڵگەی شەرعی کەپێی دەوترێت زیادکراو و بیدعە، هەموو بیدعەیەکیش گومڕایە هەمووگومڕاییەکیش بۆ ناو ئاگرە. خوای میهرەبان دەفەرموێ : ﴿ قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ﴾ ( ال عمران : ٣١ ) واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بفەرموو ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و خواتان خۆش دەوێت ئەوا شوێن من بکەون ( شوێن پێغەمبەر ﷺ ) ئەوا خواش ئێوەی خۆشدەوێت و لە گوناهەکانتان دەبورێت .

خوای گەورە خۆشویستنی خۆی بەستۆتەوە بەشوێن کەوتنی پێغەمبەر ﷺ ، وە لە تاوانیشی خۆش دەبێت گوێڕایەڵی وشوێن کەوتنی پێغەمبەر گوێرایەڵی کردنی خوای پەروەردگارە . : ﴿ .. وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ ( الأحزاب : ٧١ ) واتە : هەرکەسێ گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر ﷺ بکات بەڕاستی سەرفرازبووە سەرفرازێکی گەورەو مەزن .

خۆشەویستمان ﷺ دەفەرمێت : " مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ " ( رواه مسلم ) واتە : هەرکەسێك کارو کردەوەیەك بکات لە دیندا کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا ڕەتدەکرێتەوە و قبوڵ ناکرێت .

ئێمە بۆمان نییە شتێك زیاد بکەین لە دينداو بەناوی دینەوە بیکەین بەدین بەڵکو ئێمە تەنها شوێنکەوتنمان لەسەرە .

برا و خوشکانی ژیر : وریابن نیەت پاکی بەتەنها بەس نییە لەخوا پەرستیدا ، بەڵکو پێویستە بەڕلستی شوێن پێغەمبەریش ﷺ بکەویت ئەگینا توشی گومڕایی ولادان دەبیت لە سوننەتەوە بۆ بیدعە.

بەکورتی : یەکەم پەرستنی خوا بەنیەتێکی پاکەوە ، ئەگەر نیەتت بۆ غەیری خوا بێت سەردەکێشێت بۆ گەورەترین تاون کەشیرکە ئینسان کردەوەکانی پێ هەڵدەوەشێتەوە، زانیان دەڵێن ئەمەش مەرجی یەکەمی شەهادەتی ( لا إله إلا الله ) هەڵدەوەشێنێتەوە .

دووەم : دەبێت لەهەموو عیبادەتەکانتدا شوێن پێغەمبەر ﷺ بکەویت زیدەڕەوی و بیدعە نەکەیت ئەگینا ئەمەش مەرجی دووەمی شەهادەتی ( محمد رسول الله ) هەڵدەوەشێنێتەوە .

وە بەهەشتیش بەستراوەتەوە بەنیەت پاکی بۆ خوا و شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ کە دەتگەیەنێتە ناو ناز و نیعمەتەکانی . داواکارم لە خوای میهرەبان کە نیەتی من وئێوەش پاك بکاتەوە بۆ خۆی وشوێن نێردراوەکەی بکەوین کەپێغەمبەرە ﷺ .

**شالأو لطیف ز.سلیمانی : ك . زانستە ئیسلامیەکان**

## لەشی مرۆڤ هەمووی لەناودەچێت جگە لە .. ؟!

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و سات لەدوای سات ڕاستیەکانی ئەم دینە پاکە لەڕێگەی پێشکەوتنی زانستەوە بۆ خەڵکە بێ باوەڕەکان دەردەکەوێت بۆ ئەوانەی کە چاویان بەم دینە پاك و بێ گەردە هەڵ نایەت , یەکێك لەو موعجیزانەی کەلەم دوایە لەڕووی زانستیەوە دەرکەوتوە کەوا مرۆڤ لە شریتی سەرەتاییەوە دروست دەبێت , وە ئەم شریتە لەپاشاندا دەپوکێتەوە تەنها بەشێکی کەمی نەبێت کە ئەویش ئێسکی کلێنچەیە ( عـضم العصعـصي = coccyx bone ) ئەم ئێسکەش دەکەوێتە کۆتای بڕبڕەی پشتەوە , وە ئەم ئێسکە بچوکە پێکهاتوویەکی زۆر بتەوی هەیە و بەرگەی هەموو بارو دۆخێکی دژوار دەگرێت , وە هەر ئەم ئێسکە دەبێتە تۆو چەکەرەی زیندوو بونەوەی مرۆڤ لە ڕۆژی دوایدا .

هەربۆیە من دەلێم ئاخۆ پێغەمبەری ئێمە ﷺ ١٤٠٠ساڵ پێش ئێستا چۆن ئەم ڕاستیەی زانیوە ؟ بەڵێ چۆن نازانێت لەکاتێکدا ئەو پێغەمبەرە بەویست و ئارەزووی خۆی قسەی نەدەکرد بەڵکوو لەهەموو شتێکدا خوای گەورە ئاگاداری دەکردەوە , وە ئەمەش یەکێکە لەو موعجیزانەی کەڕاستی پێغەمبەری خوا دەسەلمێنێت , هەروەك دەفەرموێت : " إِنَّ فِي الإِنْسَانِ عَظْمًا لاَ تَأْكُلُهُ الأَرْضُ أَبَدًا ، فِيهِ يُرَكَّبُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ " قَالُوا : أَيُّ عَظْمٍ هُوَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : " عَجْبُ الذَّنَبِ " ( رواه البخاري و مسلم ) .

واتە : هەموو بەشێکی مرۆڤ زەوی دەیخوات و دەیرزێنێت تەنها بەشێکی ئێسکێك نەبێت کە هەرگیز زەوی ناتوانێت بیفەوتێنیت , وە مرۆڤ لەم ئێسکەوە دروست بووە و هەر لەمیشەوە زیندوو دەبێتەوە, پرسیان ئەو ئێسکە کامەیە ؟ پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی بەشێکی کلێنچەیە .

وە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە چەند زانایەکی بێ باوەڕ هەستان بەتاقیکردنەوەی ئەو ئێسکە بۆ ئەوەی لەناوی بەرن و ئەو فەرموودەیە بەدرۆ بخەنەوە بەلأم لە ئەنجامدا ئەو ڕاستیەیان بۆدەرکەوت کە هەرگیز ناتوانرێت ئەم ئێسکە بەتەواوەتی بفەوتێت , ئەویش بەتواندنەوەی ئەم ئێسکە لەناو بەهێزترین ماددەی ترش بەلأم بینیان هەربەتەواوەتی نافەوتێت و ماددەی زیندووی تێدا دەمێنێت , وە پاشان پەنایان برد بۆ سوتاندنی ئەم ئێسکە بچووکە لەناو بەهێزترین فرندا وە پاشان هاڕین و پانکردنەوەی بە بەهیزترین ئامێر و لەکۆتایدا ئەم ئێسکەیان خستە بەر ماددەیەکی تیشکی ناوکی تیشکدەر , سەرەنجام بۆیان دەرکەوت کە ئەم ئێسکە بەتەواوەتی نافەوتێت و بەڵکوو هێشتا خانەی زیندووی تێدا دەمێنێت , چۆن لەناو دەچێت لەکاتیکدا پێغەمبەرێکی ڕاستگۆ وتبێت کە هەرگیز لە ناو ناچێت .

هەر بۆیە دەڵێم کوان ئەوانەی کە ڕەخنە لە دین و لە پێغەمبەری خوا دەگرن ؟ لەکاتێکدا کەناتوانن تەنها بەرەنگاری ئەم فەرموودەیە ببنەوە بەڵکوو پشت ڕاستیشی دەکەنەوە , پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە ژیان و مردنمان هەربە بەدەست خۆیەتی .




**خالد حسێن**

**ك. پزیشکی ڤێتێرنەری سلێمانی**

## وەڵامی پرسیارێک و... چەند بەڵگەیەک

الحمد لله و الصلاة والسلام على رسول الله ,اما بعد

خوێنەرانی بەڕێز :سەرەتای باسەکەم دەمەوێت بە پرسیارێک دەست پێ بکەم :ئایا مرۆڤ دەتوانێت هەموو دەنگ و ڕەنگێک ببینێت و ببیستێت؟

مرۆڤ هەر لە سەتای بوونیەوە سنورێکی بۆ دانراوە ناتوانێت لەو سنوورە زیاتر بچێت نەک بەپێی ویستی خۆی بەڵکو خوای گەورە لەو توانایە زیاتری پێ نەبەخشیوە .

ڕادەی بیستن لەمرۆڤدا کە بتوانێت ببیستێت لە ٢٠ ...٢٠٠٠٠ هێرتزە لەوە کەمتر یا زیاتر ناتوانێت هەستیان پی بکەین ,وە چەندین جۆر شەپۆلمان هەیە وەک شەپۆلی ڕادیۆی و شەپۆلی مایکرۆیی ... هتد

ئیمە دەبیستین بەڵام هەموو دەنگێک نابیستین، ئێمە شەپۆلی دەنگی ڕادیۆیی نابیستین , وە دەنگەکان زۆر جۆرن وە بەپێی شەپۆل و لەرینەوە دەگۆڕێن , بەڵام دەنگی ڕادیۆ دەبیستین و دەتوانین شەپۆلەکەی بگۆڕین بۆ ئەو شەپۆلەی ئێمە دەیبیستین , وەئێمە دەبینین بەڵام هەموو شتێک نابینین وەک ئەو شەپۆلەی لە سیستەمی گەیاندنی تەلەفزیۆندا بەکاردەهێنرێت ,چونکە بینین وەک دەنگ تایبەتمەندی جیاجیای هەیە کەچی دەتوانین تەلەفزیۆن ببینین شەپۆلەکەی بگۆڕین بەشێوەیەک کە ئێمە ببینین، هەتا جاری واش هەیە چاومان لەم جۆرە بینینەشدا هەڵە دەکات (قەڵەمێک لە پەرداخێک ئاودا بە شکاوەیی دەبینین کەچی لەڕاستیدا وانییە) ,یاخود (کاتێ بەردێک یان ماسیەک لەناو ئاودا دەبینین نزیک دەردەکەوێت) کەچی ڕاست نییە ,کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت ڕادەی بینین و بیستنمان سنوردارە ناتوانین زیادە ڕەوی تێدا بکەین.

ئێمە کاتێک خوای گەورە نابینین توانای بینینی ئەومان نییە , بەڵام لەڕۆژی دوایدا خوای گەورە ئەو هێزی بینینەمان دەداتێ دەبینین ( إن شاء الله) .

وە زۆربەمان ئەو چیرۆکەی پێغەمبەر موسا (علیە سلام) مان بیستووە , کاتێک داوای کرد لەخوا کەخۆی پێ نیشان بدات خوای گەورە پێی فەرموو کەتۆ توانای بینینی منت نیە ! گەر دەتەوێت کەمێک لەنوور و قودرەتی من ببینی ئەوا سەیری کێوی طور بکە ، لە سەرەنجامدا چۆن کێوەکەی هێنایە لەرزین و واتە کێوەکەش توانای ڕاوەستانی نەبوو لەبەردەم نوری خوادا وەک خوای گەوە ئەم بەسەرهاتەی لەقورئاندا باسکردووە دەفەرموێت﴿ وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَن تَرَانِي وَلَكِنِ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي... وَأَنَا أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ . (الأعراف:١٤٣)

جا بەڕێزانم لێرەدا لاوازی مرۆڤ دەردەکەوێت لەچاو دەسەڵات و هێزی خوادا ,ئەمەش لە هەمان کاتدا دەبێتە وەڵامێک بۆ ئەو کەسانە ی کە دەڵێن گەر ڕاستە و خوا هەیە بۆچی نایبینین جگە لەم کورتە باسە چەندان بەڵگەی تر هەیە ,بۆ ئەو کەسانەی کە دائیم خۆیان هەڵدەخڵەتێنن و خۆیان لەڕاستیەکان دەشارنەوە.

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين

**صباح نجیب ک.پ.کەلار /فیزیا**

## گرنگی بەندایەتی و چەمک و واتاکەی

یەکەم شتێکە کە خودا پێویستی کردبێ لەسەر بەندەکانی جێ بەجێی بکەن و ئەدای بکەن بەندایەتی کردن و پەرستنیەتی بە تاک و تەنها ، چونکە پەرستراوێتی خودا و ئەرک و وەزیفەی ئینسان لە بوونەوەرەدا پەیوەندی ڕاستەو خۆی پێکەوە هەیە . جا هەروەک چۆن بە هۆ ناسینی خوداوە ، ئینسان خۆی و بونەوەر و ژیان دەناسێ و دەزانێ لە کوێ وە هاتووە و بۆ کوێ دەچێ و سەرەنجامی بە چی دەگات ، وە ئەگەر بۆ لێکدانەوەی خۆی و بوونەوەر و ژیانەکەی پەنا بۆ هەرشتێکی تر بەرێت جگە لە خودا ، ئەوا دەستی لە ئەفسانە و خورافیات گیردەبێ ، و سەری لە بەتاڵ و پوچەوە دەردەچێ . بەهەمان شێوەش بەهۆ پەرستنی خودا، وە ئینسان ئەتوانێ حیکمەت و هۆی خولقانی خۆی جێ بەجێ کات و مانا و بایەخ و حیکمەتێک کە خۆی و، ژیان و، بونەوەرەکەی لە پێناودا دروست بووە ئاداکات ، جا ئەگەر ئینسان ڕووی لە تەنها پەرستنی خودا نەبوو ، ئەوە هیچ بێ ڕێزی وسپڵەیی بەرامبەر بەخودا نواندووە ، بێ ئەدەبی وگێلیەتیشی نیشان داوە بەرامبەر بە خۆی و بونەوەر و ژیانەکەی ، چونکە خودی بوونەکەیان شتێکی پوچ و بێ حیکمەت دەردەچێ ومانا و بایەخ و حیکمەتێکی نامێنێ و دەبنە شتی پوچ وپۆش !!

بۆیە : لە هەموو شتێک گرنگتر و لە پێشتر ئەوەیە

ئینسان بزانێ بۆچی دروست کراوە :

ئینسان پلەو پایەیەکی زۆر گەورەو بەرزو گرنگی هەیە , کە هیچ دروست کراوێکی نێو بونەوەر نایگاتێ ، ئەویش ئەوەیە کە هەرچی لە ئاسمان و زەویدا هەیە خوا بۆ ئینسانی مل کەچ کردووە کە سودی لێوەرگرێ و لەژیانی و گوزەرانی دونیادا لێی سود مەندبێ . ئەم ئاسمان و زەوی و بونەوەرەی کە لەخزمەت ئینسان دا دانراوە هەرواشتێکی گاڵتەو بێ سود نیە هەروا بە خۆڕایی و بە بەتاڵ دروست نەبووە. جامادام : بونەوەر هەروا بەگاڵتەو بێ مەبەست نەخراوەتە خزمەتی مرۆڤەوە ، کەواتە : حیکمەت و مەبەستێکی گەورەو پڕبایەخ هەیە ، دەبێت مرۆڤ وەکو وەزیفەی سەر شانی خۆی جێبەجێی کات ، وە ئەو وەزیفەیەش حەقێکی خوای پەروەردگارە و دەبێ ئادای کات ، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێ : ﴿ وما خلقنا السماوات و الارض وما بينهما لعبين، ما خلقنهما إلا بالحق و لكن أكثرهم لا يعلمون ﴾ (الدخان: ٣٨ -٣٩) . واتە : ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی لەنێوانیان دا هەیە ، هەروا بۆ گاڵتەو یاری دروست نەکردووە ، دروستمان نەکردوون تەنها لە پێناو بەدیهێنانی حەقێکدا نەبێ ، کە ئەو حەقەش ئەرك و وەزیفەی سەرشانی مرۆڤە ، بەڵام زۆربەی خەڵکی مەسئولیەتی سەرشانی خۆی نازانێ و درك بەو حەقیقەتە ناکات بۆیە گومانی وادەبات کە بونەوەر بەبێ مەبەست دروست بوبێ .

وە فەرموویەتی: ﴿ وما خلقنا السماوات و الارض وما بينهما إلا بالحق و إن الساعة لآتية فاصفح الصّفح الجميل﴾ (الحجر: ٨٥). واتە : ئاسمان و زەوی و ئەوەی لەنێوانیاندایە دروستمان نەکردوە تەنها لەپێناو هێنانەدی حەقێکدانەبێ ، کەمرۆڤ دەبێ ئەو حەقە هەڵگرێ و جێ بەجێی کات ، وە بێگومان قیامەتیش دێ و لەسەر ئەو حەقەی کەبۆی دروست کرابوون مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و ئەوەی حەقەکەی جێ بەجێ ی کردبێ و بەجوانی ئادای کردبێ ئەوا خۆش بەختی و بەختەوەری و ئۆخ ژینی بۆ خۆی مسۆگەر دەکات ، بەڵام ئەوەی حەقەکەی بەجێ نەگەیاندبێ ئەوا بەدبەختی و چارەڕەشی و تاڵ ژینی بۆ خۆی دابین دەکات .

وە ئەو حیکمەت و مەبەستە گەورە و گرنگەی کەمرۆڤ لەپێناویدا دروست بووە و وەکو وەزیفەو ئەرکێکی پڕبایەخی سەرشانی خۆی دەبێ جێ بەجێی کات بریتی یە لە : بەندایەتی کردنی خوای پەروەردگار . وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێ :﴿ وما خلقت الجن و الإنس إلا ليعبدون﴾ (الذاريات: ٥٦). واتە : بنیادەم و جنۆکەم دروست نەکردووە تەنها بۆ بەندایەتی کردنی خۆم نەبێ . وە ئەم بەندایەتی کردنەش گەورەترین حەق و مافێکە کە خوای پەروەردگار لەسەر ئینسانی دانابێ . وەکو پێغەمبەر ﷺ بە « معاذ » ی کوڕی « جبل » ی فەرموو : ئایا دەزانی مافی خوا لەسەر بەندەکانی چییە؟ ئەویش وتی خوا و پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن ، فەرمووی : " حَقَّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلَا يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا " ( صحيح البخاري : ٩ / ٤٥٩ ) ، واتە : حەق و مافی خوا لەسەر بەندەکانی ئەوەیە کە بیپەرستن و بەندایەتی بۆ بکەن و هاوبەشی بۆ دانەنێن .

لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئینسان بزانێ عیبادەت و بەندایەتی واتای چیە ؟

عیبادەت : بریتیە لەوەی کە ئینسان بە ئەو پەڕی خۆشەویستی و پێخۆش بوونەوە خۆی زەلیل و ملکەچی خودا بکات و ئەوەی خودا پێ خۆش بێ و لێی ڕازی بێ بۆی ئەنجام بدات ، ئەوەی خودا پێی ناخۆش بێ و لێی ناڕازی بێ وازی لێ بهێنێ .

کەوابوو بەندایەتی و خواپەرستی دوو دیوی هەیە :

دیوی یەکەمیان : لە بەرچاو پەنهان و شاراوەیە و خودا نەبێ کەس نایبینێ .

دووی دووەمیان : بەرچاوی و ڕواڵەتیە و هەموو کەس دەیبینێ .

جا دیووی یەکەمیان بریتیە لە خۆشەویستی و زەلیلی کە هەست و سۆز و عاتیفەیەکی دەرونیەو لە بەرچاو پەنهانە و نادیارە ، بەڵام ئەو خۆشەویستی و زەلیلی یە دیمەن و ڕواڵەتێکی دیتراو بەرچاویشی هەیە کە دەکرێتە بەڵگەو نیشانەی هەبوونی ئەو خوشەویستی و زەلیلیە ، کە ئەویش دیووی دووەمە کە بریتیە لە جێ بەجێکردنی ئەو شتانەی کە خودا پێی خۆشەو لێی ڕازیە و دوورکەوتنەوە لەو شتانەی کە خودا پێی ناخۆشەو لێی ناڕازیە .

کەوابوو دەربڕینی خۆشەویستی و زەلیلی و

ملکەچی بنچ و بناوانی بەندایەتی و خوا پەرستیە، بەڵام ئایا هەموو کەس بۆی هەیە لاف و گەزافی ئەوە لێ بدات و بڵێ خودام خۆش دەوێ و زەلیل و ملکەچی ئەوم ؟ هەڵبەت نەخێر،ئەو خۆشەویستی و زەلیلی و ملکەچی نواندن بۆ خودا دەبێت ببێتە پاڵنەر و هاندەری بەندە بۆ ئەوەی ئەو کردەوانە جێ بە جێ بکات کە لەلای خۆش ویستراو خۆشەویستن ، و دورکەوێتەوە لەو کردەوانەی کە لەلای خۆش ویستراو بێزراون .

کەوابوو : دەربڕین و دەرخستنی خۆشەویستی و زەلیلی و ملکەچی بۆ خودا بەوە دەبێ : ئەوەی خودا پێی خۆشەو لێی ڕازییە بۆی ئەنجام بدرێ و ئەوەش کە خودا پێی ناخۆشەو لێی ناڕازییە وازی لێ بهێنرێ ... هەروەکو خودا دەفەرموێ : ﴿ قل إن كنتم تحبون الله فاتبعوني يحببكم الله و يغفر لكم ذنوبكم و الله غفور رحيم﴾ ( آل عمران : ٣١ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ : ئەگەر ڕاست دەکەن خوداتان خۆش دەوێ ، ئەوا شوێنی من بکەون ، ئەوجا خوداش ئێوەی خۆش دەوێ و لە تاوانەکانتان دەبوورێ ، بەڕاستی خودا لێ بووردەو میهرەبانە .

ئیمامی « ابن تيمية » دەفەرموێ : « الْعِبَادَةُ : هِيَ اسْمٌ جَامِعٌ لِكُلِّ مَا يُحِبُّهُ اللَّهُ وَيَرْضَاهُ : مِنْ الْأَقْوَالِ ، وَالْأَعْمَالِ الْبَاطِنَةِ وَالظَّاهِرَةِ »، واتە: بەندایەتی: ناوێکی گشتی و گشتگرە بۆ هەموو کردارو گوفتارێك کە ئەنجامدانیان خودا پێی خۆش بێ و لێی ڕازی بێ ، ئیتر جیاوازی نی یە گوفتار بێ، کردار بێ، ئاشکرا بێ، یان شاراوە بێ »( الفتاوى الكبرى : ٥ / ١٥٥) .

وە وەتراوە :

تعصي الإله وأن تزعم حبه ... هذا لعمرك في القياس شنيع
لو كان حبك صادقا لأطعته ... إن المحب لمن يحب مطيع(١)

سەڕای یاخی بوونت لە خودا گومان دەکەی خۆشت دەوێ
سوێندم بە خوا ئەم قسەیەت لەگەڵ واقیع ڕێك ناکەوێ
ئەگەر ڕاستە خۆشەویستتە دەبێ مل کەچ کەی بۆ ئەمری
کەسێك کەسێکی خۆش بوێ گوێ بۆ فەرمانی دەگرێ

بۆیە ئینسان هەرچەندە لاف و گەزافی ئەوە لێ بدات و بڵێ من خودام خۆش دەوێ لێی وەرناگیرێ تا بە کردەوە نەیسەلمێنێ. سەلماندنی بە کردەوەش ئەوەیە: هەموو هەڵس و کەوتەکانی ژیانی بەگوێرەی ئەو دین و بەرنامە بێ کە خودا بۆ ئینسانی دیاری کردووە ، لە ژیانی خێزانی دا ، لە مامەڵەو کڕین و فرۆشتنی دا ، لە قسەکردن و نان خواردنی دا ، لە تەعامول و هەڵس وکەوتی دا ، لە جل و بەرگ و پۆشاکی دا ، لەپۆشتن و ڕێکردنی دا ، هەرهەموو بە گوێرەی ئەو ڕێنمایانە بێ کە خودا وەکو یاساو ڕێسا و شەرع بۆی دیاری کردووە . بەڵام ئەگەر ئینسان بە پێچەوانەی ئەوە جوڵایەوە یان لە هەندێکا وابووە کە خودا داوای کردووە ، بەڵام لە هەندێکی تردا وا نەوبوو ، یان بەشێکی ژیانی بە گوێرەی ئەوە بوو کە خودا پێی خۆشە ، بەڵام بەشێکی تری بەپێ ی حەزوو داخوازی هەواو ئارەزوی خۆی یان خەڵکی تربوو ، ئەوا بە تەواوی بەندایەتی بۆ خودا نەکردووە ، وە بەگوێرەی دوری لە شەرع و نزیکی لە تاوان عیبادەت و بەندایەتی کردنی بۆ خودا لاوازو دەبێ و ، بەرەو نەمان دەچێ ، چونکە لە ژیانیدا بەو شێوازە نەژیاوە کە خوا پێی خۆشەو بۆی دیاری کردووەو داوای لێ کردووە .

کەواتە : چەمك و واتای عیبادەت و بەندایەتی هەموو لایەنەکانی ژیان و گوزەرانی تاك و کۆمەڵ دەگرێتەوە ، بۆیە هەرچی بکەین لەم ژیانی دونیایەدا مادام لە سنوری شەرع دا بێ و بەپێی شەرعی خودا بێ و بۆ خودا ئەنجام بدرێ ، ئەوە عیبادەت و خواپەرستی و بەندایەتی یە ، واتە مادام جموجوڵ و هەڵسوکەوتەکانی ژیان هەموویان بەپێی شەرع بێ و بۆ خودا بێ ، مانای وایە هەر بە عیبادەت لە قەڵەم دەدرێن ، جا ئیتر جیاوازی نیە پەیوەندی بە هەر لایەن و بوارێکی ژیان و گوزەرانی تاك و خێزان و کۆمەڵگاوە هەبێ .

د . کاوە ئەکرەم سەنگاوی

## چپەیەك بۆ ئومێد:

لەبەر ئەوەی دەکرێ سبەی ڕۆژێکی جوان بێت بۆت، وە دەشکرێت خۆشبەختی بکەیتە دروشمی هەمیشەیی خۆت، دەی گێژەڵۆکەی خەمۆکی ژیان لە خۆت دوورکە، وە بە کلیلی ئومێد و هیواوە بگەرێ بەدوای ئامانجە باڵاکاندا، بۆ ئەوەی خاوەن باشترین کار و جوانترین تۆماربیت....

(١)(طريق الهجرتين - ١ / ٤٤٤)

# ئافرەتێك دەبێتە نموونەی ئارام گرتن
## ( دایکی سەلەمە ) ( خوای لێ ڕازی بێت )

دیارە کە سەنگەری تێکۆشان وئارام گرتن وبەرخودان لە پێناو ئیسلامدا تەنها هەر پیاو نەبووە بەڵکو لەپاڵ پیاوان دا ئافرەتانیش هەمان ئەرکیان ڕاپەراندووە بەدرێژای مێژووی ئیسلامی کەئەمەیش گەورەترین شانازیە بۆ ئافرەتانی موسڵمان کەبتوانن لەمێژووی پڕشکۆمەندی ئیسلامدا ناوی خۆیان تۆمار بکەن و ببنە مامۆستاو پێشەنگ و ڕابەر بۆ دوای خۆیان وەیەکێك لەو ئافرتانە ( دایکی سەلەمە ) یە ( خوای لێ ڕازی بێت ) .

( ئەبو سەلەمە ) و هاوسەرەکەی وکوڕەکەی یەکەم کەس بوون کە کۆچیان کرد بەرەو مەدینە ساڵێك پێش عەقەبەی هەرە گەورە ئەمە ڕای ( ابن إسحاق ) ە , ( ئەبو سەلەمە ) ( خوای لێ ڕازی بێت ) کاتێك کەویستی شاری مەککە بەجێ بهێڵێ و کۆچ بکات بەرەو مەدینە بەفەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ هاوسەرەکەی و کوڕەکەی , ئەوە بوو براکانی ژنەکەی پیان ووت : ئێمە چۆن ڕێگە دەدەین کە خوشکەکەمان بەریت بۆ شارێکی تر ؟ بۆیە ژنەکەیان لێ سەندەوە .

کەس وکاری ( ئەبو سەلەمە ) توڕەبوون, وتیان ئێمەش ڕێگە نادەین کوڕەزاکەمان لەگەڵ دایکی دا بێت کە ئێوە نەهێڵن لەگەڵ کوڕەکەماندا بڕوات , هەریەکە و پەلی کوڕەکەیان بەلای خۆیاندا ڕاکیشاو ئەوە بوو لەژنەکەیان وەرگرتەوە بردیانە لای خۆیان . بەم شێوەش ( ئەبو سەلەمە ) خۆی بەتەنها کەوتەڕێ بەرەو مەدینە , ( دایکی سەلەمە ) ش دوای ڕۆشتنی مێردەکەی و وون بوونی کوڕەکەی هەموو بەیانیەك دەچووە بیابان و تێر تێر دەگریا تا ئێوارە , بەم شێوەیە مایەوە تاوەکو ساڵێك !!!!! تادڵی یەکێك لەخزمەکانی نەرم بوو , ووتی : ئەرێ ناکرێ ئەم ژنە هەژارە دەرکەن و بەڵکو بڕوات بەرەو لای مێردەکەی ؟ ئێوە جیتان کردەوە لەمێرد و منداڵەکەشی, ئەوەبوو کەس وکاری بە ( دایکی سەلەمە ) یان ووت : ئەگەر پێت خۆشە بڕۆ بۆ لای مێردەکەت ئەوە بوو ئەمیش هەستاو کوڕەکەی لەخزمەکانی مێردەکەی وەرگرتەوە و کەوتە ڕێ بەرەو مەدینە.

کۆچێك ماوەکەی پێنج سەد کیلۆمەترە یەك بەندەی خوای لێ نەبووە تاوەکو دەگاتە ( التنعيم ) لەوێ ( عثمان ) ی کوری ( طلحة ) ەی کوری ( أبو طلحة ) دەبینێ و پێ دەڵێت : باشە بۆ کوێ دەڕۆیت ؟ ( دایکی سەلەمە ) ش, پێ دەڵێت بەرەو لای مێردەکەم ئەویش پێ دەڵێت کەست لەگەڵ نیە ؟ ئەمیش لەوەڵامدا دەڵێت: نەخێر کەسم لەگەڵ نیە تەنها خوا نەبێت !!!!!! ئەویش پێ دەڵێت: سوێند بەخوا نایەڵم ڕێگە وون بکەیت تاوەکو دەگەیتە مێردەکەت ( دایکی سەلەمە ) دەڵێت: نەم بینیووە لە ناو عەرەبدا پیاوێك بۆ بەخشندەیی وەکو ئەم هاوەڵە کاتێك بەڕیگەدا دەڕۆشتین لەدوورەوە دەڕۆشت و کاتێك بوەستایە بۆ حەوانەوە ئەوا لەدووری من لەسێبەری دارێکدا دادەنیشت.

بەم شێوەیە بەردەوام بوو تاوەکو گەشتینە مەدینە, کاتێك سەیری ( قبـاء ) ی کرد , پێ ووت : پیاوەکەت لەو گوندەیە پشت بەخوا بڕۆ بۆ لای پاشان خۆی گەڕایەوە بۆ مەککە ( البداية والنهاية : ٣ / ١٦٩ ) و ( گوڵاوی سەرمۆر : ١٧٩ـ ١٨٠ ) .

ئەوەی کە لە ژیانی ئەم ژنە هاوەڵەوە فێری ئەبین :

١ ـ ئیسلام پێویستی بەتێکۆشان و بەرخودانە لەهەموو سەردەم و کاتێکدا بەدرێژای مێژوو وە هەر بەرنامە و پرۆژەیەکیش تێکۆشانی لەگەڵدا نەبێت دڵنیابن کە بەرهەمیشی نایێت .

٢ ـ ئارام گرتنیش کلیلی تێکۆشانە ئارام گرتن لەسەر پەرستش ئارام گرتن لەسەر تاوان نەگرتن ئارام گرتن لەسەر بەلاو موسیبەت .

٣ـ ڕاستی ودروستی خۆشەویستی هاوەڵان بۆ پێغەمبەر ﷺ ئەوەتا ( أبو سەلەمە ) ئامادەبووە کە ژن و منداڵ وماڵ وخاك بەجێ بهێڵێ لەبەر خاتری پێشەواکەی.

٤ ـ لەبەرامبەردا ئارام گرتنی ( دایکی سەلەمە ) کە بۆ ماوەی یەك ساڵ لەئازار و ئەشکەنجەدا بووە نەمان بینی خۆی بکوژێ وبێ هیوا بێت .

٥ ـ کۆچکردن گەورەترین وانەی تۆمار کردووە بۆ خۆی لەمێژوودا لە ئارام گرتن و تێکۆشان لەژیانی هاوەڵاندا .

٦ ـ ئەگەر دەتەوێت تۆش بچیتە ڕیزی کۆچکەرانەوە ئەوا واز لەتاوان بهێنە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " والمهاجر من هجر مانهى الله عنـه ورسـوله " ، واتە : کۆچکەر ئەو کەسەیە کە واز لەوکردەوانە دەهێنێ کە خوا و پێغەمبەرەکەی قەدەغەیان کردووە .

٧ . ئافرەتی موسڵمانیش ئەبێت ئارام بگرێت لەسەر پەرستشی مێردەکەی لەچوونی بۆ مزگەوت و خوێندنی وانەی شەرعی یان بەشداربوونی لەکاری بانگەوازخوازیدا .

**م . پشتیوان محمد . دەرچووی عربی**

## تەنها بۆ بیرخستنەوە ... !!

الحمد لله وحده ، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده :

قورئان کۆتا کتێبە کە خوای گەورە بۆ کۆتا پێغەمبەری ناردووەتە خوارەوە ﷺ و هەموو ئەو شتانەی تێدا باسکراوە کە مرۆڤەکان پێویستیان پێی دەبێت جا شتی دونیایی بێت یان قیامەتی ، وەکو خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی : ﴿ ونزلنا عليك الكتاب تبيانا لكل شيء وهدى ورحمة وبشرى للمسلمين ﴾ ( النحل : ٨٩ ) . واتە : وە قورئانیشمان بۆ تۆ دابەزاندووە ، ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە ، و هیدایەت بەخش و ڕەحمەتە و مزگێنیشە بۆ موسوڵمانان .

کەواتە : ئەم قورئانە پڕ لە زانست و زانیاریە کە خێری دونیا و دواڕۆژی تێدایە و دڵەکان بە خوێندنەوەی ئارام دەگرن و پاک دەبنەوە لە تاوان و گوناە شایستەی ئەوەیە ئێمەی موسوڵمان بیکەینە بەرنامەی ژیانمان و ویردی سەر زمانمان و بیرکردنەوەی خەیاڵمان بۆ ئەوەی بتوانین کۆمەڵگاکەمانی پێ بگۆڕین چونکە گۆڕینی کۆمەڵگا بە گۆڕینی :

بیروبۆچوونی تاکەکانی دەبێت لە بیروبۆچوونی خراپەوە بۆ چاک .

لە ڕەوشتی گەندەڵەوە بۆ ڕەوشتی بەرز .

لە زوڵم و ستەمەوە بۆ دادپەروەری .

لە کۆیلایەتیەوە بۆ ئازادی ڕاستەقینە نەک ..... !

چونکە تەنها قورئانە کە دەتوانێت بە ئیزنی خوای گەورە ڕەگ و ڕیشاڵی خراپە لە ناخی مرۆڤ هەڵکێشێت و بەرەو چاکە و چاکەخوازی و سوودی کۆمەڵگا بیبات .

کەواتە بەکورتی : ئەوەی ئایەتەکانی قورئان جێبەجێ بکات ژیانی دونیای خۆش و پڕ خێر دەبێت وە بەهەشتی پڕ نازو نیعمەتیشی دەستدەکەوێت .

بەڵام ئایا ئەوەی پشت لە قورئان هەڵبکات دەبێت حاڵی چۆن بێت ؟!

حاڵ و ژیانی کەسی پشت هەڵکردوو لە قورئان بەم شێوەیە دەبێت :

( ١ ) لە دونیادا : خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ومن أعرض عن ذكري فإن له معيشة ضنكا ﴾ ، واتە : هەر کەسێك پشت لە قورئان بکات ئەوا ژیان و مەعیشەتێکی تەسك و تاڵ و ناخۆشی بۆ هەیە .

زۆرێك لە خەڵکی ئەمڕۆ دەناڵێنن بە دەست دڵەڕاوکێ و خەمۆکییەوە و ئەم زەوییە فراوانەیان لەبەر تەسك بووەتەوە و جێ بەخۆیان ناگرن و بەدوای چارەسەری دونیاییدا وێڵن و لە کۆتایشدا هیچیان دەست ناکەوێت ، چارەسەر بۆ ئەم کەسانە تەنها بەگەڕانەوە دەبێت بۆ قورئان و سوننەت و پەیوەست بوون بە عیبادەتەکانەوە چونکە هۆکاری نەخۆشیەکەیان پشتکردنە لە قورئان چارەسەرەکەشی بەگەڕانەوە دەبێت بۆ قورئان ئەو کات دڵیان ئارام دەگرێت وەکو خوای گەورە خۆی لە قورئاندا فەرموویەتی : ( ألا بذكر الله تطمئن القلوب ) .

( ٢ ) لە دواڕۆژدا : خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ ونحشره يوم القيامة أعمى ﴾ ، واتە : لەدواڕۆژیشدا بە کوێری حەشری دەکەین .

﴿ قال رب لم حشرتني أعمى وقد كنت بصيرا ﴾ واتە : دەڵێت : خوایە بۆچی بە کوێری حەشرت کردم لە کاتێك دا من لە دونیادا چاو ساغ بووم .

﴿ قال كذلك أتتك آياتنا فنسيتها وكذلك اليوم تنسى ﴾

واتە : ئا بەو شێوەیە ئایەتەکانی ئێمەت بۆ هات بەڵام تۆ پشتت تێکرد بۆیە ئەمڕۆ لە سزا و نارەحەتیدا بەجێ دەهێڵرێیت ئیهمال دەکرێت .

لە کۆتاییدا دەڵێم :

بۆ ئەوەی ژیانێکی دوور لە دڵەڕاوکێ وخەمۆکیت هەبێت ...

بۆ ئەوەی بەهەشتت بۆ مسوگەر و زامن بێت ...

بۆ ئەوەی هاوڕێیەتی سەرداری مرۆڤایەتیت ﷺ بە قیسمەت بێت ...

بگەڕێرەوە بۆ قورئان .... قورئان ... قورئان ....

**إدريس محمود**

**دەرچووی یاسا**

# دەزانی كێ نوێژ ناكات

الحمد لله وحدة ، و الصلاة والسلام على من لا نبي بعده:

قەت بە خەیاڵتدا هاتووە ئەگەر یەکێك پێت بلێت كافر چەن سەغڵەت ئەبی؟ نازانم چی بەو کەسە ئەکەیت کە پێت ئەڵێت شێت؟ خۆزگە بزانم کاردانەوەت چۆن ئەبێ بەرامبەر ئەو کەسەی پێت بڵێ عەقڵت مناڵە؟ .... هتد .

ئەی قەت لە خۆت پرسیوە كێ نوێژ ناكات ؟

١ . کەسێکی کافر کە باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی نەبێت و نەیەوێت سوژدە بۆ خوا ببات و دژایەتی خوا دەکات بۆیە نوێژ ناکات ، کە سەر ئەنجام ئەگەر لەسەر ئەو حاڵە بمرێت ئەوا بۆ هەتا هەتایی دۆزەخ ئەبێتە دوا ماڵی نیشتەجێ بوون و مەنزڵگای . هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ لَا يُقْضَى عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا وَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا كَذَلِكَ نَجْزِي كُلَّ كَفُورٍ﴾ ( فاطر : ٣٦ ) واتە: ئاگری دۆزەخ دوا ماڵی ئەوانەیە کە بێ باوەڕن و بۆ تا هەتایە تیایدا ئەمێننەوە و نە ئەوەتا بمرن و لەو سزا سەختە ڕزگاریان بێت و نە لەسزاکەشیان سووك ئەکرێتەوە ، وە هەر بەو جۆرە پاداشتی هەموو بێ باوەڕێك ئەدرێتەوە.

دڵنیام تۆی موسڵمان ڕازی نابی بەوەی کە لە کوفر بژیت ، وە دووری لە کوفر و ڕقیشت لە کافرانە .

٢ . ئەو ئافرەتانەی توشی ( حيض و نيفــاس ) ئەبن نوێژ کردنیان لەسەر نیە تەنها تا کاتی پاك بونەوەیان . تەنانەت خوای پەروەردگار ئەو ماوەیان بە نوێژ کردن بۆ ئەنوسێ هەروەك پێغەمبەری خوا فەرمویەتی : " إذا مــرض العبد أو سافر كتب الله تعالى له من الأجر مثل مــا كــان يعمــل صحيحا مقيما " ، واتە : ئەگەر بەندەی خوا نەخۆش کەوت یان سەفەری کرد ئەوا خوای پەروەردگار پاداشتی بۆ ئەنوسێ بەئەندازەی ئەو کردەوانەی کە لەکاتی لەش ساغی و پێش سەفەرکردنی ئەنجامی ئەدان. ئاشکرایشە (حيض و نفاس) هەم نەخۆشیە و هەم ڕێگریشە دەبێتە هۆی نوێژ نەکردنیان کەواتە نیەتەکەی دڵیان لەگەڵ بونی ئەو ڕێگرە بەسە بۆ ئەوەی خوای پەروەردگار ئەو ماوەیە پاداشتی نوێژ کردنیان بۆ بنوسێ با نوێژیشیان نەکردبێ .

نازانم برایانی موسڵمان وەڵامیان چیە بۆ ئەم خاڵە ؟!!

٣ . مناڵی باڵغ نەبوو تەنها تا کاتی باڵغ بوونی نوێژ کردنی لەسەر نیە چونکە تا ئەوکاتە تاوانی لەسەر نانوسرێت. پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت : رفع القلم عن ثلاثة ... وعن الصبي حتى يحتلم . واتە : تاوان لەسەر سێ جۆر کەس نانوسرێ ... مناڵ تا کاتی باڵغ بونی.

٤ . کەسێکی خۆ بەزل زانی بە فیزی سەرکەش سوژدە بردنی بۆ خوای تاك و تەنها بە کەموو کوڕی بزانێ ، ئەمەش دوورە لە سیفەتی تۆی موسڵمان ، چونکە خۆ بەزل زانین لە ئاست بەجێهێنانی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار تەنها سیفەتی شەیتانە وەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ ﴾( البقرة : ٣٤ ) . واتە : فرشتەکان سوژدەیان برد جگە لە شەیتان سەرپێچی کردو خۆی بە زل زانی و بوە یەکێك لە کافرەکان.

سەرئەنجامی ئەوانەش خۆیان بە گەورە ئەزانن بەم شێوەیەیە کە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴾( غافر : ٦٠ ) واتە :بێ گومان ئەوانەی خۆ بە گەورە دائەنێن لە ئاست پەرستنی من بەتەنها ئەوا بە بچوکی وسەرشۆڕیەوە دەچنە دۆزەخەوە.

دڵنیام تۆی موسڵمان زۆر لەوە ژیر تری و ڕازی نابی بەوەی کە هاوەڵی شەیتان بیت . دەسا بە ئەنجام گەیاندنی فەرمانەکانی پەروەردگارت پێچەوانەی شەیتان بەرەوە.

٥ . کەسێك شێت بێ و عەقڵی لەدەست دابێ تا کاتی چاك بوونەوەی ، واتە شێتەکان نوێژیان لەسەر نیە ، هەروەك پێغەمبەری خوا فەرمویەتی : "رفع القلم عن ثلاثة عن المجنون المغلوب على عقله حتى يفيق". واتە : تاوان لەسەر سێ جۆر کەس نانوسرێ ، کەسێکی شێت عەقڵی لەدەست دابێت تا کاتی چاك بوونەوەی و گەڕانەوەی هۆشی.

ئێستا زانیت كێ نوێژ ناكات ؟

. كافر تا موسڵمان ئەبێت . ئایە تۆ موسڵمانیت ؟

ـ ئافرەتێ دوچاری (حيض يان نيفاس) هاتبێ تا پاك ئەبێتەوە . ئەی تۆ چی ؟

. مناڵێکی باڵغ نەبوو تا باڵغ ئەبێت . ئایە تۆ خۆت لە هەموو کەسێك بە گەورەتر و عاقڵ تر و باڵغ تر نازانیت ؟

. شێتێك عەقڵی لەداست دابێت تا چاك ئەبێتەوە .

ئایە تۆ شێتی و عەقڵت لەدەست داوە ؟

تۆ لەکام لەو کۆمەڵانە خۆت ئەبینیتەوە ، بڵێیت هەرکامیان دەبێ بیسەلمێنی ، نەك بۆ من بەڵکو بۆ خوای پەروەردگار بیریشت نەچێ هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی فریو بدەی ناتوانی خوای پەروەدگار فریو بدەی هەروەك خۆی ئەفەرموێ : ﴿ يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ ﴾ (غافر:١٩) واته :ئەو خوایە هەمیشە بە چاوە خیانەتکارەکان _ بەرامبەر نافەرمانی خۆی _ ئاگەدارە و ئەزانێ و بەوەش کە دڵەکان حەشاری ئەدەن

گەر لە هیچ لەو کۆمەڵانە نەبیت و وای دەرخەی ئەوا بزانە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ يُخَادِعُونَ اللّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلاَّ أَنفُسَهُم وَمَا يَشْعُرُونَ ﴾ ( البقرة : ٩ ) ، واتە : ئەوان بە نیازی خۆیان ئەیانەوێ فێڵ و تەڵەکە لە خوا و ئیمانداران بکەن ، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها فێڵ لە خۆیان ئەکەن و خۆیان فریو ئەدەن و زیانەکەیشی تەنها بۆ خۆیانە بەڵام هەستی پێ ناکەن .

وە ئەگەر چی لە دونیایش هەموو خەڵکی سەر زەوی فریو بدەی لە تاقیکردنەوەی قیامەت بۆ کوێ ئەچی و پەنا ئەبەیتە بەر چی ؟

ئەو کاتەی نامەی کردەوەکانت ئەدرێتە دەستت ئەوتوانی نکوڵی لەو شتانە بکەیت کە تیایدایە ؟

مادام لەو کۆمەڵانە نیت کە باسمان کرد ، ئەگەر نوێژ ناکەی بەڕاشکاوی لەخۆت بپرسە بۆ نوێژ ناکەی ؟؟

نوێژکردن گومرکی لەسەرە ؟؟ یان زەکات دان ؟ کات بە فیڕۆدانی تیایە ؟ یان زیان بە جەستە ئەگەیەنێ ؟ هەژارت ئەکا ؟ یان چی ؟؟ تەنها وەڵامێکی شیاوم بدەرێ ؟ ئەوە من چەندین دێڕم نوسیوە بە بەڵگەوە پێت ئەڵێم لەسەرت فەرزە نوێژ بکەی ، دە تۆیش لەخۆت بپرسە نوێژکردن چ زیانێکی هەیە ؟ تەنها یەك زیانیمان پێ بلێ با ئێمەیش واز لە نوێژەکانمان بهێنین ؟

دەزانی ئەگەر مەجالی تیابوایە ئەوا لەپێش تۆ ڕوخستی پیرو پەکەوتەکان ئەدرا ڕوخستی نەخۆش و هەژارەکان ئەدرا ، ئەوانەی لە پێناو خوا ئەجەنگان لە پێش تر بوون نوێژ نەکەن چونکە لە ترسا ئەژیان ، هاوەڵان لەپێش تربوون نوێژ نەکەن چونکە لە پێناو سەرخستنی ئەم ئاینە ئازارێکی زۆریان ئەچەشت ، پێغەمبەران لەپێش تربوون نوێژ نەکەن چونکە خوای پەروەردگار لە تاوانەکانیان خۆش بوو بو ، ئایە تۆ خۆت لە پێغەمبەرمان ﷺ بەباشتر ئەزانی؟ گەر وابی پێی کافر ئەبی!! لە کاتێکدا سەرەڕای ئەوەی خوای پەروەردگار لێی خۆش بوو بو ئەوەندە شەو نوێژی ئەکرد قاچەکانی دەئاوسا کە لێیشیان ئەپرسی بۆ وا لەخۆت ئەکەی مەگەر خوا لە هەموو تاوانەکانت خۆش نەبووە لەوەڵامدا ئەیفەرموو: " أفَلا أكُونُ عَبداً شَكُوراً " واتە: ئەی نابێت بەندەیەکی سوپاسگوزاربم بۆ خوای پەروەردگار ؟

بۆیە من داوات لێناکەم شەونوێژ بکەی تەنها ئەمەوێ بە خۆتا بچیتەوە و لە خۆت بپرسی کێ نوێژ ناکات ؟ و بۆ چی ؟ ئەوەش بزانە ئەوانەی بەبێ عوزرێکی شەرعی نوێژ ناکەن ئازاری خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ئەدەن ، وە ئەوانەش خوای پەروەردار لە دونیا و لە قیامەتیش لەعنەتی لێ کردون و بەڵێنی داوە سزایەکی سەختیان بدات هەروەك ئەفەرموێت : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَاباً مُّهِيناً ﴾ (الأحزاب : ٥٧) واتە : بەڕاستی ئەو کەسانەی ئازاری خوا و پەیامبەرەکەی ئەدەن . سەرپێچی لە فەرمانەکانیان ئەکەن . خوای پەروەردگار لە دونیا و قیامەتدا نەفرینی لێکردون و لە میهرەبانی خۆی دوری خستونەتەوە و سزایەکی سەرشۆڕکەرانەی بۆ ئامادە کردون .

خوای پەروەردگار فەرمانت پێ دەکا نوێژ بکەیت ، ئایە ئازاری لەوە گەورەتر هەیە کە سەرپێچی فەرمانەکانی ئەکەیت ؟ کە نوێژ کردن پایەی دوەمی ئیسلام بێت ئایە نوێژ نەکردنت بە بچوك ڕوانین نیە بۆ ئەو پایە گرنگەی ئیسلام ؟ ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئازاردانە بۆ خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی چونکە لە پاش شایەتومان داوات لێدەکات نوێژ بکەیت ، کە نەتکرد یان کەمتەرخەمیت کرد لە ئەنجادانی ئەوە خۆی بۆ خۆی ئازاردانە بۆ خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی .

کەواتە نوێژەکانت لە یاد مەکە ، وە کاتێك نوێژیش ئەکەی بەو شێوەیە بیکە خوا لە خۆت ڕازی بکەی ، چونکە زۆرێك جەستەی خۆی ماندوو ئەکات لە نوێژ کردن کەچی ئەو نوێژەی ڕەنگە ببێتە هۆی توڕەبوونی پەروەردگار لێی ،

بۆیە ئەوەت لە یاد بێ ئەوانەی بە كەموكوڕی یەوە نوێژەكانیان ئەنجام ئەدەن ، جیاوازیەكی ئەوتۆیان نیە لەگەڵ ئەوانەی هەر نایكەن هەروەك ئیمامی عومەر ﵁ فەرمویەتی : إن الرجل ليشيب في الاسلام ولم يكمل لله ركعة واحدة !! قيل : كيف يا أمير المؤمنين قال : لا يتم ركوعها ولا سجودها .واتە : كەسی وا هەیە لە ئیسلامدا پیر ئەبێ و تەنها ركاتێك نوێژی بەتەواوی بۆ خوای پەروەردگار نەكردوە . وتیان چۆن ئەی ئەمیری موسڵمانان . فەرمووی : نە ركوعی بەباشی ئەنجام ئەدا و نە سجودی .

كەواتە كە نوێژیش ئەكەی بەو شێوەیە بیكە كە پێغەمبەری خوا فەرمویەتی : صل صلاة مودع كأنك تراه فإن كنت لا تراه فإنه يراك ، واتە : نوێژێك بكە وەكو نوێژی ماڵئاوایی كارێك وابێت ، هەروەكو خوای پەروەردگار ببینیت ، چونكە ئەگەر تۆ خوای پەروەردگار نەبینیت ، ئەوا ئەو تۆ دەبینێت .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِين

**هاوار عبدالله**

---

**وتەیەكی عەیار بیست و چوار :**

ڕۆژێك ئیمامی عومەری كوڕی خەتاب لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵانیدا دانیشتبوو، پێی ووتن: هەركە و ئاواتێك بخوازن .. یەكێكیان وتی: ئارەزوو دەكەم پڕ ئەم دۆڵە ئاڵتوونم هەبا و لە پێناو خودا بمبەخشیایە، دانەیەكی تریان وتی: حەزدەكەم پڕ ئەوە سواریم هەبا و بمكردایە صەدەقە لەبەر خودا، جا ئیمامی عومەر فەرمووی: منیش تەمەننا دەكەم پڕ ئەم ژوورە پیاوی پیاوانەی وەكو ئەبو عوبەیدەی كوڕی جەرح و سالمی مەلای ئەبو حوزەیفەم هەبا...!

ئەی فێرخوازە بە ئامانجەكانی ئیمە....؟!

ئەی تۆ....؟!

ئەی من....؟!

ئەی خەڵكی موسڵمانی سەردەم...؟!

ئاواتی چی دەخوازن... لەسەردەمی.....؟!

## دەرمانی دەردی دڵانان

جاؤ رجل الى سفيان الثوري، قال: يا سفيان لقد ابتليت بمرض في القلب، فصف لي دواءا، فقال له سفيان: عليك بعروق الإخلاص، و ورق الصبر، و عصير التواضع، ضع هذا كله في إناء التقوى، و صب عليه ماء الخشية، و اوقد عليه نار الحزن( أى الحزن على المعصية)، صفيه بصفاة المراقبة، و تناوله بكف الصدق، و اشربه بكأس الااستغفار، و تقرب من الورع، و أبتعد عن الحرص و الطمع، تشفي من مرضك بإذن الله.




واتە: پیاوێك هاتە لای پێشەوا سوفیانی سەوری( بەرەحمەت بێت)، وتی: ئەی سوفیان تووشی نەخۆشیەك هاتووم لە دڵمدا، باسی دەرمانێكم بۆ بكە..

پێشەوا سوفیانیش وتی: ڕەگی ویست پاكی بهێنە، لەگەڵ گەڵای ئارامی ، و ئاووگی خاكی بوون دا ، ئەمانە هەمووی بكەرە دەفری لە خواترسانەوە، وە ئاوی شەرمكردن لەخودای بەسەردا بكە، و ئاگری نارەحەتی و پەشیمانی( لەسەر تاوان)ی بۆ سازبدە، بە پاڵاوتەی چاوەدێری خودا بیپاڵێوە، بە گلاسی لێخۆشبوون، و بەدەستی ڕاستگۆیی بنۆشە، و لە خۆپارێزی نزیك ببەوە، وە دوور بكەوە لە پێداگیری و تەماع... بەویستی خودا شیفات بۆ دێت و لە نەخۆشیەكەت – ڕزگارت دەبێت –

**حیدر عدنان**

**ز.هەولێر. دەرمانسازی**

## با پەند وەربگرین لەو ڕوداوانەی ڕۆژانە بەسەرماندا دێت

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کەنیعمەتی ئیمانی بەسەردا ڕشتویین و فێری کردوین لەهەموو کردارێکی ڕۆژانەماندا کەبەسەرماندا دێت تەنها بۆ تاقیکردنەوەیە تەنها بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤی ڕاستگۆو ئیمانداره لە مرۆڤی بێباوەڕ درۆزن .

وە سەلامی خوای گەورە لەسەر پێغەمبەری کۆتا زەمان وە شوێن کەوتانی

ئەی موسوڵمانی سەنگین, بە پشتیوانی خوای گەورە لەم نامە کراوەیەدا باسی ئەوە دەکەین کە پێویستە مرۆڤ وورد بێتەوە وە تێڕامێنی وە بیر و هزر بکاتەوە کە خوای گەورە لەهەموو چرکە ساتێکی ژیانماندا بەهەموو جۆرێك و بە چەندەها شت تاقیمان دەکاتەوە , جا بۆیە پێویستە ئێمەی مرۆڤیش پەندو ئامۆژگاری لەو بەسەرهاتانە وەرگرین

سەرنج بدە !

چەند جار خودا لەقورئاندا فەرمویەتی: " الم تر " واتە: ئایا نەت بینیوە ؟!

یان فەرموییەتی: "أفلا تتفكرون " ئایا بیرناكەنەوە؟!

یا فەرمویەتی: "أفلا تعقلون" ئایا بۆ عەقڵتان ناخەنە كار ؟!

هەروەها فەرمویەتی: "أفلا تبصرون" بۆ سەیر ناكەن و وورد نابنەوە؟!

وە فەرمویەتی: "أفلا يتدبرون" بۆ وورد نابنەوە؟!

یان: "كم أهلكنا" چەندمان بە هیلاکدا برد و لەناومان برد؟!

جا موسوڵمانی سەنگین و بەڕێز , تەنها خودای گەورە دەیەوێت ئێمە وورد بینەوە لە بەسەرهاتەکانی ڕۆژانە کە بەسەرماندا دێت, وە لەو بەسەرهاتانەی کە بەسەر ئەوانەی پێش خۆماندا هاتووە ,لە قورئانی پیرۆزدا , لە کردار و ڕەوشتی پێغەمبەران , لە بێباوەڕی و کوفری بێباوەڕان ...,

وە پاشان سودیان لێوەربگرین وچاکەکانیان ئەنجام بدەین خۆمان لە خراپەکانیان بەدوور بگرین , ئەوانەی خودا نەهی لێکردوون .ئەوەتا خودا دەفەرموێت: "أفلا يتدبرون القرآن أم على قلوب أقفالها " (محمد: ٢٤). واتە ئاخۆ وورد نابنەوە لە قورئان ؟! یان دڵەكان داخراوە و قوفڵكراوە ؟!

ئیمانداران ئایا چەند هەیە لە ئێمە کە قورئانی هەمووی خەتم کردووەو ئێستاش واتای وشەکانی نازانێت و کرداریان پێ ناکات ؟!!!

خوای گەورە دەفەرموێت: " وكم أهلكنا من قرن هم اشد منهم بطشا فنقبو في البلاد هل من محيص " (ق: ٣٦)

ئەی موسڵمانی خۆشەویست تکایە سەرنج بدە:

* ئایا چەندێك لەناو چوون بەهۆی گوێڕایەڵی نەکردنی پێغەمبەرانەوە ..؟!

* ئایا چەندێك بەهیلاکدا چوون بەهۆی خۆش ویستنی دونیاو لەبیر کردنی قیامەتەوە..؟!

* ئایا چەندێك خوا لەناوی بردن بە هۆس زوڵم و ستەم و خراپەکاریانەوە لەنێوان خۆیان و خەڵکانی تردا, وەك و فیرعەون و قارون و هامان و ئەبرەهەی حەبەشی و نەمرود؟

*ئایا چەندێك مردن پێش ئەوەی بڕوا بەخوا بهێنن ؟!

* ئایا چەندێك لەتەمەنی گەنجیدا مردن پێش ئەوەی تام و چێژی دونیا بەتەواوی بچێژن ؟!!

* ئایا چەندێك فەقیرو هەژار و دەست کورت بوون , لە کاتێکدا کە دەوڵەمەندترین کەسانی سەر زەویش بوون وەکو فیرعەون..؟!

جا لەکۆتایدا داواکارم لە خوای پەروەردگار کە وامان لێ بکات پەند وەربگرین لەوانەی پێش خۆمان وە نەکەین کەهەڵەو کەم و کورتییەکانی ئەوان دوبارە بکەینەوە , با وورد بین و بیر تیژ بین بۆ ئەوەی خوای گەورە بە هیلاکماندا نەبات وەکو ئەوانی تر .

**محمد نجم صالح// ك. پزیشكی .زانكۆی سلێمانی**

.......................................

## وتەیەك لەزێر:

ئیمامی بەڕێز و خۆشەویست، ئیمامی إبن القيّم بەرەحەمتی خودا بێت فەرمووی:

" كار بە ( إيرادة ) دەست پێ دەكات و دواتر ( هَم ) و دواتریش ( عزيمة )، جا ئەگەر ئەستێرەی هیممەت لە شەوە زەنگی بێ كاریدا دەركەوت و دوای ئەویش مانگی عەزیمەت رەخشا، زەمینەكەیان رووناك دەكەنەوە بە یاوەری پەروەردگاری... "

# تەکنەلۆژیا و دەردەسەری

الحمد لله ، وصلاة والسلام على من لانبي بعده وبعد :

ئەوەی مرۆڤ بەختەوەر دەکات لەم سەردەمەدا بریتیە لەو ناز و نیعمەتە زۆرانەی کە خوای گەورە بەسەر بەندەکانیدا ڕشتوویەتی ، دیارە تەکنەلۆژیاش یەکێکە لەو ناز و نیعمەتانەی کە خوا بەسەر بەندەکانی دا ڕشتوویەتی بۆ ئەوەی بەندەکانی لە کاری و باری ڕۆژانەیاندا سودی لێوەربگرن ئەوەتا لە موسلیمدا هاتووە (( لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرموویەتی : جارِدەرێك جاردەدا: لەڕاستیدا بۆ تان هەیە هەمیشە لەش ساغبن،و هەرگیز نەخۆش نەکەون، هەروەها بۆ تان هەیە کە بژین و هەرگیز نەمرن ، هەروەها بۆتان هەیە کە گەنج بن وهەرگیز پیر نەبن ، هەروەها بۆتان هەیە کە لە نازو نیعمەتدا بن و هەرگیز ناخۆشی نەبینن ، ئەمەیە کە خوا فەرموویەتی : ﴿ وَنُودُوا أَنْ تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ... ﴾ ( الزخرف ٧٢ ) ، واتە : بانگیان لێکرا ئەوە ئەو بەهەشتەیە کە پێیاندراوە بەهۆی ئەو کاروکردەوانە کە ئەنجامتان دەدا .

ئەوەتا مۆبایل کەوا کەممان هەیە بەکارینەهێنین ،کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت کە زۆرێك لە گەنجانمان پێوە گیرۆدەبوون بەشێوەیەك لە کۆنترۆڵ دەرچووە و ناتوانێت خۆی کۆنترۆڵ بکات لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیا تازانە بە شێوە ڕاستەکەی کەبریتیە لە چاك بەکارهێنانی ، بۆ نمونە مۆبایل بۆ سەلامکردن ئەحواڵ پرسین ... هتد ، بەڵام بەداخەوە هەندێك کەس ئەوانە بە ناز و نیعمەت لە خوای پەروەردگارەوە تێناگەن و بەڵکو هەوڵدەدەن کەوا خەڵکی پێ خراپ و بەد ڕەوشت و ئیزعاج بکەن . ئەوەتا دەبینین ڕۆژانە و شەوانە گەنجانمان بە ( چات ) ەوە سەرقاڵن و کە لێشیان دەپرسی چات لە گەڵ کێ دەکەیت دەڵێت لە گەڵ کچێکی ئوستورالی ! دەڵێت بزانم موسوڵمانی ناکەم !! لەگەڵت دام بەڵام بەچی؟! بە علمە جوانەکەت؟! کە هیچ لە دینەکەت نازانی دەتەوێت بە چات خەڵکم بۆ موسوڵمان بکەیت؟! یان دەتەوێت لەو کەینەوبەینەوە لەگەڵ ئافرەتانی نامحرەم دا قسە بکەیت و کات بەسەر بەریت! ئاگاداربە برای من ئەو جۆرە کات بەسەر بردنە، کارێکی ناشەرعیە، ئیسلام ڕێگەی پێ نادات.

بەڵام لێرەوە دەتوانین بڵێن چات کردن بۆ سلام کردن و ئیش و کاری ڕۆژانەت ئاساییە و ڕێگە پێدراوە ئەما هەروەکو باسمان کرد بەکارهێنانی تەنها بۆ کات بەسە بردن بەشتی بێ مانەوە ڕێگە پێنەردراوە و ئیسلام ڕێگەی پێ نادات .

ئەوەی گرنگە و ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە نەبوونی سنورێك بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کوردستاندا بووەتە کارەساتێکی گەورە ، بەتایبەتی لەناو گەنجانماندا کە بەتەواوەتی پێوەی گیرۆدەبوون کە بەشێوەیەك کاری کردووەتە سەر ئەخلاقیان ، دەبینیت ئێستا لە مۆبایلەکانیشەوە ئینتەرنێت بەکاردێت و بەرنامەکانی چاتیش هەروەها ، بۆیە لێرەوە ئامۆژگاریمان بۆ گەنجان ئەوەیە ڕێز لە نازو نیعمەتەکانی خوا بگرن چونکە بەراستی ئەوانە نازوو نیعمەتن کە خوا بەسەر ئێمەی دارِشتوون چوونکە بڵێین و نەڵێن ئینەتەرنێت لایەنی خراپ و چاکی هەیە بەڵام ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین و خەڵك ئاگاداربکەینەوە کە سود لەلایەنە چاکەکەی وەربگرین و دووریش بین لەلایەنە خەراپەکەی، چونکە بەراستی شتێکی قێزەونە و شتێکە لەسنور تێپەرێوە بۆیە پێویستە ئاگاداری خۆمان بین لە تەکنەلۆژیای تازە تووشی دەردەسەریمان نەکات هەروەکو چۆن لە ئێستا دا تووشی دەردەسەری کردووین بەهۆی بوونی کامێرا و بلوتووز و ئینتەرنێت لە ناو گیرفانەکانمان کە دەبینین ئەم ڕسمی خەراپ بۆ ئەو دەگوازێتەوە، ئەو ماڵپەری خەراپی کردۆتەوە، ئەو لەگەڵ ئەو چات دەکات بۆ کات بەسەربردن، بەراستی سەیرە مرۆڤ ئەو کاتە جوانەی بەسەر بەرێت، بەراستی سەیرە مرۆ ئەخلاقی نەبێت بەرامبەر بەوەی ناموسی خەڵك بڕوشێنیت و کارلە ناموسی خەڵك بکەیت بە گواستنەوەی گرتەی ڤیدیۆی و شتی بێمانا لەرێگەی بلوتوزەوە، لە جیاتی ئەوەی قورئان یا دوعایەك یا هەرشتێکی تر بگوازێتەوە کەسودی هەبێت، جا بۆیە برای لاوم ئاگاداربە ئەوانە لەسەر تۆ حسابن و هەمیشە ئەوە لە مێشکدا جێگیر بکە بۆچی دروست کراویت و بۆ کوێ دەگەڕێیتەوە ، لە کۆتایدا داوام لە خوای پەروەردگار هەیە کە باری حاڵمان چاك بکات وڕێگەی ڕاستمان نیشان بدات.. آمين يا رب العالمين..

سەردار عبدالله
ز . کۆیە . کۆلیژی زمان

# چەند وانەیەك لە پێخەفی مەرگدا!!!

هەڵبەت كاروانی ژیان بە دوایدا بەبێ گومانی كاروانی مەرگە ، لە ناو پێخەفی مەرگ ... كەمی دونیا دەردەكەوێ ... وە كەمی تاوان و سەركەشی ، ئەو ساتە قورسترین ساتەكانی ژیانە بەسەر مرۆڤدا گوزەر دەكات ... بە بیستنی هەنەسەكان تەنگ دەبن . قال تعالى : ﴿ وجاءت سكرة الموت بالحق ذلك ماكنت منه تحيد ﴾ ( ق : ١٩ ). و ﴿ كل نفس ذائقة الموت ثم إلينا ترجعون ﴾ ( العنكبوت : ٥٧ ) .

بیهێنە بیری خۆت ڕۆژێك كە لە سەر شانەكانی و ڕوەو گۆڕ دەبرێیت، لە كاتێكدا ئیرادەت لێ وەرگیراوەتەوە!! ڕوەو لێپرسینەوە و چاڵی سزا هەنگاوت نا!! كامەیان بۆ تۆ شیاوە؟ زوو تۆبەكردنت.. گیانت ڕزگار كەی لە سزا؟ یاخود زیاتر سەركەش بی؟ بیركەوە خوا چاودێریت بكا لە بانگەوازی خوا كە بانگت دەكا ودەفەرمووێ: ﴿ قل يا عبادي الذين أسرفوا على أنفسهم لاتقنطوا من رحمة الله إن الله يغفرالذنوب جميعا إنه هو الغفور الرحيم ﴾ ( الزمر : ٥٣ ) .

براو خوشكی ئازیز .. چەند شایستەیە بۆ هەموان كە بیر لەو ساتە زۆر ناڕەحەتانە بكەینەوە ... وە لەوەش كە تێیدایە لە تەنگی وناڕەحەتی گیان دەرچوون كە بریتی یە لە چون ڕوەو خوای بەهێز و توانا، ئا ئەوكاتە دەزانی چەند بە ئێشە ڕوەو ئاگر ڕۆیشتن !! وسەرەنجام شەڕی ! بەڕاستی ساتێكە كە سەرەنجامی تۆی تێیدا بڕیار دەدرێ ... یا بۆ بەهەشت یا بۆئاگر ..!

دەگێڕنەوە لە ( المزنی )كە فەرموویەتی: چومە لای ئیمامی شافعی لەو نەخۆشیەی تێیدا وەفاتی كرد، پێم گوت: چۆن بەیانیت كردەوە؟ فەرموی: بەیانیم كردەوە بەوەی كە دونیا بەجێ دەهێڵم، وە لە برایانیشم جیا دەبمەوە، وە هەروەها پەرداخی مەرگیش نۆش دەكەم، وە بەكردەوە خراپەكانیشم دەگەم، ودەچمەوە لای پەروەردگار، بۆیە نازانم ڕۆحم ڕوەو بەهەشت پەرواز دەكا تا پیرۆزبای لێ بكەم، یاخود بۆ دۆزەخ تا تەعزیەباری لێ بكەم، پاشان گریا.

ساتی كۆتای ئاوێنەی كردەوەكانە ﴿ يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا و في الآخرة ويضل الله الظالمين ويفعل الله ما يشاء ﴾ ( إبراهيم : ٢٧ ) . واتە : ئەوانەی كە ئیمانیان هێناوە ئەوە خوای گەورە جێگریان دەكات لە سەر ئیمان بەخوا و ( لا إله إلا الله ) بە پێغەمبەرەكەی ﷺ ، و ولە دوا ڕۆژیشدا لە كاتی لێپرسینەوە لێیان دەربارەی خوا بە تاك دانان بە هەمان شێوە دامەزراو دەبن بەوەی كە لە دونیا ئیمانیان پێ ی هێناوە . وە خوای گەورە بۆ وەڵامی دروست لە قەبردا ، هیدایەتی موشریك ومونافیق وكافران نادات ، نە لە دونیا ونە لە دواڕۆژیش ، و ڕێگەیان لێ وێڵ دەكات ، وە ئەوەی بیەوێ لە سەرخستن وزەلیل كردن وجێگیركردن وجێگیر نەكردن دەیكا ( تفسير الطبري:٤٤٦/٧ ، والبغوي : ٣٤٩/١ ) .

هەر كەس لەسەر گوێڕایەڵی ژیا بێ بۆ خوا و پێغەمبەر ﷺ ، و ئیمان وچاكەكاری ، ئەوە خوا ڕوسپی و سەربەرزی دەكا ، و زمانی جێگیردەكا بۆ گوتنی شایەتومان ، خۆ كەسێك بە پێچەوانەوە سەرپێچیكار و سەركەش و بەردەوام بوبێ لە تاوان، شەخص ودار و بەرد و پەڕۆ پەرست بووبێ، و هاواری كردبێتە غەیری ( الله ) ، ئەوا خوا ڕو ڕەشی دەكا و موەفەق نابێ بۆ گوتنی شایەتومان ، بەڵكو بەخراپترین وشەو حاڵەت كۆتای بە ژیانی دێت ، ورقی لە دیداری خوایە ... پەنا بەخوا ... بەڕاستی باشترین توێشوو تەقوایە ، بۆیە شاعر فەرمووی :

توێشوو خڕكەوە لەدونیا چونكە تۆ نازانی كە شەو باڵی كێشا بەسەرتا ئایا دەژی تا بەیانی ، چەندین گەنج بەیانی وئێوارەی كردوتەوە دەم بە خەندە بوە ، لەولاشەوە كفنەكەی بۆ دوریەوە وئەویش نازانێ ، چەندین بچوك هیوای تەمەن درێژیان بۆ دەخواسترێ ، كەچی لاشەیان خراوەتە تاریكای گـــــــۆڕ !!!

توخوا خۆشەویستان بەس نەبێ دڵ ڕەقی و بوختان و درۆ و دەلەسە و قەبرپەرستی وسوێند خواردن بە غەیری خواو باوەڕ بوون بەو موروە شینەی پێشەوەی سەیارەكان ونوشتەو چی وچی بۆ چاوەزار، وە هەروەها سەرپێچی كچان وكوڕانمان بۆ پێشەوای مرۆڤایەتی ﷺ، لە گوفتار و كردار و ڕواڵەت و ڕوتی پۆشاكی بێ شەرعی، وە بەرتیل و ڕیبا خواردن، وە داهێنانی دەیان بیدعە و زیادەكاری لە دیندا هەر لە كاولكاری لە وڵاتدا و نەهێشتنی ئەمن و ئەمان، تا یادی مەولود و دەیان بۆنەی تری بێ شەرعی و پارچە پارچەی و زیكری پێش نوێژان و بەناو سوننەتی پێش جومعە و نەگەڕانەوە لای خوا، و شوێن سوننەن نەكەوتن، و حەرامكرنی حەڵاڵ وحەڵاڵ كردنی حەڕام !!!

**جیهاد قادر// دەرچووی عەرەبی**

## تەوبە لە سەماگە..!

چیرۆکێکی نامۆ.. بەڕاستی نامۆ.. کە شەیخ عەلی باسی کردووە لە هەندێ کتێبی دا وە دەڵێت:

ڕۆژێك چوومە نێو یەکێك لە مزگەوتەکانی شاری حەلەب، جا گەنجێکم بینی نوێژی دەکرد، کە ناسراوبوو بەوەی کە یەکێکە لە خراپترین کەسی نێو خەڵك، کە مادەی سەرخۆشی دەخوات، و کاری داوێن پیسی دەکات، ریبا و سوو دەخوات، ئاشکرا بێ ڕێز بوو بەرامبەر دایك و باوکی... هەتا گەشتبووە ئەوەی دەری کردبوون لە ماڵکەی خۆی... ئاخۆ چی ئەم گەنەی هێنابێتە مزگەوت..! ئیتر نزیکی بوومەوە و لێم پرسی: ئەوە تۆ فلانە کەسی؟!! وتی: بەڵێ... وتم: سوپاس بۆ خودا کە هیدایەتی داویت.. باشە بۆم باسکە چۆن خودا هیدایەتی دایت؟؟ وتی: وتاری مامۆستایەك بووە هۆی هیدایەتم کە لە دانس خانە پێشکەشی کردین.. بەسەر سوڕمانێکەوە وتم.. لە دانس خانە؟!! وتی: بەڵێ ئەمەیە چیرۆکەکە.. ئیتر دەستی کرد بە گێڕانەوەی و وتی: لە ناوچەکەماندا مزگەوتێکە گچکە هەبوو.. کە مامۆستایەکی بەتەمەن پێش نوێژی بۆ خەڵك دەکرد... جا ڕۆژێك مامۆستا ڕووی کردە نوێژخوێنان و پێی فەرموون: ئەرێ خەڵکی کوان؟!.. ئەوە بۆ خەڵکی دەرناکەون لە مزگەوت و ڕێگەی مزگەوت نازانن؟؟ بەتایبەتی گەنجان..!؟ ئەوانیش وتیان زۆریان دەچنە سەماگە و مەلهاکان... مامۆستا فەرموی: جا سەماگە و مەلها خانە چیە ؟!! وتیان هۆڵێکی گەورەیە کە مەنەصەیەکی دارینی بەرزی تێدایە، کچی ڕووت و نیمچە ڕووت دەخەنە سەری و دانس و سەما دەکات و مەردووم سەیری دەکەن.. مامۆستا وتی: یانی ئەوانەی سەیریان دەکەن لە موسوڵمانانن؟ وتیان: بەڵێ.. وتی: لاحول ولا قوة الا بالله.. وتی دەبا بچین بۆ ئەو شوێنە و دوو قسە بۆ ئەو خەڵکە بکەین.. وتیان: کورە مامۆستا.. تۆ لە کوێ و ئەو شوێنە لەکوێ.. ئەچی ئامۆژگاری خەڵك بکەیت لە مەلها و سەماگە ؟؟! وتی: بەڵێ..، زۆریان هەوڵدا کە ڕایگرن و پاشگەزی بکەنەوە: کورە مامۆستا دوای گاڵتەت پێ دەکەن، پێت پێ دەکەنن، ئەمە کاری تۆ نییە.. ئازارت دەدەن.. وتی: جا من چیم لە پێغەمبەرەکەم زیاترە..؟! مامۆستا دەستی یەکێك لە نوێژخوێنانی گرت بۆ ئەوەی شوێنەکەی پیشان بدات، جا کە گەشتنە سەماگە، پرسگەی سەماگە وتی: چیتان ئەوێ..؟ مامۆستا وتی: دەمانەوێ ئامۆژگاری ئەو خەڵکە بکەین.. ئەویش سەیری پێهات.. جا ڕێگەی پێنەدان کە بچنە ژوورەوە. ئەمانیش زۆریان لەگەڵدا وت، سودی نەبوو.. تاوەکو نرخی یەك ڕۆژ پارەیان دایە.. ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە سبەی لەسەرەتای دەست پێ کردنەوە بێن..

جا ئەم گەنجە وتی: جا ئەو ڕۆژە منیش لەوێ بووم.. یەکێك لە کیژەکان دەستی بە سەما و دانس کرد.. تا ماوەکەی تەواوبوو.. هەر کە پەردەکە داخرایەوە و کرایەوە.. لەناکاو بینیمان ئەوە مامۆستایەکی بە ڕووخسار و هەیبەتە دانیشتووە لەسەر کورسیەك و بسم الله ی کرد و سوپاسی خوای کردو دوای صلاوات لەسەر پێغەبەر دەستی بە ئامۆژگاری کرد بۆ ئەو خەڵکە، کە مەست و سەرخۆش بووبوون... سەریان سوڕمابوو... وایان دەزانی ئەوەی دەیبینن بۆ گاڵتە و گەپ هێنراوە...! تا گەشتە ئەوەی دەستیان کرد بە فیك و هوڕ... بە پێکەنین و هەرا... بەڵام مامۆستا هەر بەردەوام بوو لە گوتارەکەی و ئارامی گرت.. هەتا یەکێك لە خەڵکەکە وتی: ئەرێ بووەستن... بێ دەنگ بن... گوێبگرن بزان چی دەڵێت. ئیدی بێدەنگی و هێمنی باڵی بەسەر سەماگەدا کێشا... تا وای لێهات دەنگی هیچت نەدەبیست جگە لە دەنگی مامۆستا، کە بەڕاستی هەندێ وتەی فەرموو... هەرگیز پێشتر نەمان بیستبوو... هەندێ ئایەتی قورئانی پیرۆزی و فەرموودەی شیرینی بۆ باسکردین... جا فەرمووی: ئەی خەڵکینە.. ئیوە ماوەیەکی زۆرە دەژین و سەرپێچی خودا دەکەن... جا کوانێ تام و چێژی تاوانەکانتان...؟! خۆ بەدڵنیاییەوە تام و چێژی تاوانەکانتان تەواوبوو... بەڵام دەفتەری ڕەش و پری گوناهەکانتان ماوەتەوە... کە دڵنیابن لە دوا ڕۆژدا لێ پرسینەوەتان لەسەر هەمووی لێ دەکرێت... لە ڕۆژێکدا کە هەموو شتێك نەمانی بەسەردا دێت جگە لە خوای پەروەردگار... ئەی خەڵکینە.. ئیوە سەیری کارەکانتان کردووە بۆ کوێتان دەبات...؟! ئێوە خۆ بەرگەی ئاگری دونیا ناگرن کە یەك لە حەفتای ئاگری دۆزەخە... ئاخۆ خودی ئاگری دۆزەخ چۆن بێت... پەلە بکەن بۆ تەوبەکردن و گەڕانەوە پێش ئەوەی دەرفەتتان لەدەست بچێت...

جا وتی: هەر هەمووخەڵکی دەستیان کردبووە گریان... ئیتر مامۆستاش ڕۆشتە دەرەوە... وە هەموو خەڵکەکەش بەدوای ئەودا بەڕێکەوتن بۆ دەرەوە... تەوەبەی هەموویان بە هۆی ئەو مامۆستایەوە بوو... تەنانەت خاوەنی سەماخانەکەش تەوبەی کرد و پەشیمان بووەوە لەسەر ئەوەی پێشوو ئەنجامی دابوو.

**سەرچاوە: العائدون الى الله**

**و. بلال جلال فیض الله/ ك.پ. كەلار**

***************

*******************************************

***************

## خۆشویستنی بۆ ئیسلام
## هۆکارە بۆ لەسەر بەردەوام بوونی




گومانی تیدا نیە کە بەردەوامی لە سەر دینی ئیسلام و دەست پێوەگرتنی تا مردن یەکێکە لە و بابەتانەی کە ئیمانداری ڕاستەقینە گرنگی پێدەدات و بەردەوام لە ترسی لەدەستدانی دینەکەی وپاشگەزبوونەوەدایە و ئەمەش مانای لاوازی باوەڕ و بیٚ هێزی دینەکە ناگەیەنیٚ بەلای هەڵگرانیەوە, بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاماژەیە بۆ دڵسۆزی هەڵگرانی و بەلاوە مەبەست بوون و بەنرخی دینەکە لە لای هەڵگرانی, چونکە شتێکی بەڵگە نەویستە کە هەرکەسێك و هەر کاتیٚ شتێکی بەلاوە گرنگ و بە نرخ بوو, ئەوا لە هەمان کاتدا ترسی لە دەستدانیشی لیٚ دەنیشیٚ, چونکە ئەو شتەی لە لا بەنرخ وپیرۆزە, لیرەوەش دەڵێم: هۆکارەکانی بەردەوامی لەسەر دینی ئیسلام ولەسەر مردنی وسەرئەنجام لەسەر زیندوکردنەوەی زۆرن, لەوانە : خوا مەبەست بوون لە کارەکان و شوێنکەوتنی ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان و پیاوچاکان, وە کۆمەڵێك هۆکاری تر کە لە جێی خۆیدا باسکراون, وە یەکیکی تر لەو هۆکارانە بریتیە لە خۆشویستن و ڕازی بوون بە ئیسلام و سەرجەم ئەوەی کە لە شەرعی ئیسلامدا هاتووە لەبوارەکانی بیروباوەر و فیقھ و ئەحکام و ئاکار و هتد ...

ئەگەر بێتو پێکەوە بیر لەو گفتوگۆیەی نیوان ( هرقل ) ی گەورەی ڕۆم و ئەبو سوفیان بکەین لە پێش موسوڵمان بونی , دەبینی لەوەڵامی پرسیاری ( هرقل ) کە دەڵێت : (( هل يرتد أحد منهم سخطة لدينه بعد أن يدخل فيه )) واتە : ئایا کەس لە ڕق ولاری دینەکە وازی لیٚ هیناوە, ئەبو سوفیانیش دەڵێت : نەخیر , ئەویش دەڵێت : بەڕاستی ئیمانی ڕاستەقینە ئاوەهایە ئەگەر خۆشەویستیەکەی بگاتە دڵ وتێکەڵ بە دڵ بێت , ئەمەش ئاماژەیەکی تێدایە بۆ ئەوەی کە دەستگرتن و بەردەوامی لەسەر دینی ئیسلام بەندە لەسەر خۆشویستن و رازی بوون ودوور کەوتنەوە لە ڕق و دوو دڵی بەرامبەر بە ئیسلام و یاسا و حوکمەکانی .

هەر ئەمەش وای لە پێشینی ئێمە کردووە کە لە پێناوی خۆشەویستیان بۆ ئیسلام و ترسی لەدەستدانی بەرگەی جۆرەها نارەحەتی و نەداری وهەژاری ودووری لەماڵ و کەس و کار و ئازاری دوژمنان و لەدەستدانی خۆشەویشتانیان گرتووە و لەگەل ئەوەشدا هیچ کات ئەو نارەحەتیانە نەبووەتە هۆی ڕق هەڵگرتنیان لە ئیسلام و ئەحکامەکانی و هەڵگرانی بەڵکو خۆشەویستیان بۆ خوا و پێغەمبەر و ئیسلام لە پێشەوەی هەموو خۆشەویستیەکانەوە بووە , بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەبینین موسوڵمانی نەزان کە خۆشەویستی دینەکەی لە لا نەچەسپاوە بەگومان و شەرمەوە دەڕوانێتە ئیسلام و ئەحکامەکانی و هەمیشە خوا و پیغەمبەر ﷺ و ئیسلام و ئەحکامەکانی دەخاتە قەفەسی ئیتیهامەوە و خۆی دەدزێتەوە لە کۆمەڵیك ڕاستی تەنها لەبەرئەوەی جێگەی ڕەخنەی دوژمنە یان لە بەرئەوەی لە گەڵ مەنتیقی لاری ئەمدا ناگونجێت .

**م.فلاح حسن**

**دەرچووی زمانی ئینگلیزی**

## ڕێز گرتن لە زانایانی ئەهلی سوننە نیشانەیە بۆ ئیمان

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على نبينا محمد ، وعلى آله وصحبه أجمعين ، وبعد :

فێرخوازانی سەنگین: خۆشحاڵم کە لەم بڵاوکراوە بە سوودەدا وەها بابەتێك بنوسم، بە ئومێدی پیت وسود، هەڵبەت لە نیشانەکانی هاتنی فیتنە و زۆر بوونی، تانەدان و لەکەدارکردنی پێشەوایان و زانا ڕاستەکانی ئەم ئوممەتەیە، بە داخەوە هەندێك کەس کەخۆشیان بە شوێنکەوتەی ڕاستی دەزانن !! کەچی ڕێز ناگرن لە زاناکان، بەڵکو بە خراپیش باسیان لێوە دەکەن وخۆیان بە زانا دەزانن، تێیاندا هەیە شتێك فێر بووە ئیتر خۆی فەتوا دەدات، کە بۆشی ڕاست بکرێتەوە ڕەخنە دەگرێت، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: " ليس منا من لم يرحم صغيرنا ويوقر كبيرنا ، ويأمر بالمعروف وينه عن المنكر" ( الترمذي : ١٩٨٦ ). واتە: لە ئێمە نیە ئەو کەسەی ڕەحم بە بچوکمان نەکات، وە ڕێز لە گەورەمان نەگرێت، وە فەرمان بە چاکە نەکات، ونەهیش لەخراپە نەکات.

بە ڕاستی کێ هەیە جگە لە زانایانی پێشین ئەم دینە وەکو خۆی بگەیەنێت ؟! کێ هەیە وکو ئەوان بانگەشە بۆ تەوحید وسوننەت بکات ونەهیش لە هەموو شیرك و بیدعەیەکیش بکات ؟! بێگومان جگە لەوان کەسی تر نیە باش بەم کارە هەڵسێت، ئەمەش بەڵگەیە بۆ فەرموودەکەی نوری چاومان ﷺ کە دەفەرموێ: " لا تزال طائفة من أمتي قائمة بأمر الله ، لا يضرهم من خذلهم أو خالفهم حتى يأتي أمر الله، وهم ظاهرون على الناس" ( رواه البخاري ومسلم ) . بەڵێ !!! ئەگەر یەکێك لەم زانایانە بەرپەرچی شیرك بداتەوە، دەڵێن کاکە ئەوە پیاو چاکانی خۆش ناوێت ! سبحان الله، کێ جگە لەم زانایانە وشوێنکەوتوانیان خۆشەویستی ڕاستەقینەی هەیە بۆ پیاو چاکان !! خۆشەویستی بۆ پیاو چاك ئەوەیە کە تۆ لە پلەی خۆیدا بیهێڵیتەوە نەك هاواری لێ بکەیت وپشتی پێ ببەستی و داوای خێری لێ بکەیت ، یاخود کە یەکێك لەو عالمە بەڕێزانە بەرپەرچی بیدعە بداتەوە دەڵێن لا مەزهەبیە ، سبحان الله هذا بهتان عظيم ، نەخێر هەریەکێك لەو ئیمامە بەڕێزانە : ( شافعی و مالك و أحمد و أبو حنیفە ) ووتەی خۆیان پێش ووتەی پێغەمبەر ﷺ نەخستووە، بەڵکو وتویانە( إذا صح الحديث فهو مذهبي ).

ئەی برای موسوڵمانی خۆشەویست جگە لەم زانا درەوشاوانەی کە لەسەر سوننەتی خۆشەویستن ﷺ هیچ کەسێکی تر چاکسازی کۆمەڵگەیان پێ ناکرێت ، وە کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر و لاڕێ بوون دەڕوات ، با کەسانێکی دیندار ودڵسۆزیش بۆ ئیسلام هەبن چونکە دەبێ دین لە زانایانەوە فێربین ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : ( العلماء ورثة الأنبياء ) ( أبو داود : ٣٦٤١ ) . واتە : زانایان میراتگری پێغەمبەرانن .

بەڵام برای ئیماندارم باوریابین نەکەین گوێ بۆ هەموو کەس بگرین با بە ناوی ئیسلامیشەوە بێ و لە قسەشیا قورئان وفەرمودەشمان بۆ بێنێت چونکە کەسانی بە ناو زانا لە هەموو شتێکدا بە قسەی قورئان وسوننەت ناکەن !! کەی قورئان وسوننەت لەگەڵ بۆچونی ئەو یەکی گرتەوە ، أهلا وسهلا ! ئەمما کە لەگەڵ ڕای ئەوان یەکی نەگرتەوە ئەوا وەری ناگرن، بگرە جاری وایە ئینکاری لە هەندێ فەرموودەش دەکەن، چ جای ئەوەی ڕێز لە زانایان بگرن، بەڵێ ئەمە ڕێز گرتن نیە لە زانا !! کە تۆ لە هەندێ شت کە لە بەرژەوەندیتە بە قسەی بکەی ئەوەش لە دژتە بە قسەی نەکەی !! ئیش بە بانێك و دوو هەوا بکەی، رسول الله ﷺ دەفەرموێ : " إنما أخاف على أمتي الأئمة المضلين " ( الترمذي ) ، واتە : بەڕاستی لە پێشەوا گومڕاکەرەکان ئەترسم بۆ سەر ئوممەتەکەم . وە دەفەرمووێ : " يستفتون فيفتون برأيهم فيضلون ويضلون" ( البخاري : ٧٣٠٧ ) . واتە: پرسیاریان لێ دەکرێت و ئەوانیش فەتوا دەدەن بە بۆچوونی خۆیان، ئەوکاتە هەم خۆیان گومڕا دەکەن وە هەم خەڵکیش .

کەواتە گەڕانەوە بۆلای زانایان پارێزەرە لە شوێن کەوتنی شەیتان و بانگەوازکارە گومڕاکار و جاهیلەکان، کە لەسەر دەرگای دۆزەخ ڕاوەستاون بۆ لە خشتە بردنی ڕێبوارانی ڕێگای ڕاست، تا بیانخەنە سەر ڕێچکە کورتە پەرتەوازەکانی لای ڕاست و چەپی ئەو ڕێگا ڕاستەی خوای گەورە، وە ئەمەیش دەبێتە هۆی تیاچوون و گومڕابوون و ڕۆیشتنە ناو دۆزەخەوە، رب العالمين دەفەرموێ : " فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون " أهل الذكر : واتە : أهل العلم ، علمیش لای زانایانە ، کەوابوو پێویستە لەسەر گشت موسوڵمانان کە لە گشت شتێکی شەرعی ژیانیاندا پەیوەندیان بە زانایانەوە هەبێت و فەتوایان لێ وەربگرن .

کە موافقی قورئان وسوننەت بێ .

لە کۆتایـدا داوامـان لـە خـوای گەورەیـە زانایـانی شوێنکەوتەی هـەقمان بۆ پـارێزراو بکـا ، مردوانیشیان بەر ڕەحمـەتی خـۆی بخـا ، وە ئیمـەش سـودمەند بکـا لـە زانست وزانیاریان ، اللهم آمیـــــــــــــن ...

**کارمەند مُحمّد قادر**

**ك. پزیشکی، ز.کەرکوك**

**************************************************

**************

## ئەوروپییەکان چۆن لە دین لایاندا

پاپاکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەسەڵاتێکی گەورە و فراوانی وەهایان هەبوو کە تەنانەت پاشا و ئیمپراتۆرەکانیش نەیان بوو ...

بەڵام پیاوە ئاینیەکان دەسەڵاتە زل و زەبەلاحەکەیان بەخراپ بەکاردەهێنا و بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیان قۆستەوە

ئەمە لەکاتێکدا کە ئەوروپا لەناو شەوەزەنگی نەزانین و ئەفسانەدا پەلی کوێرەوەری دەکوتا ، کاهینەکان یارمەتی پزیشکەکانیان نەدەدا ، بۆیە نەخۆشی سەرتاپای ئەوروپای گرتبووەوە، تەنانەت ئەوروپا لە ماوەی هەزار ساڵ و ئینگلتەراش لەماوەی پێنج سەد ساڵدا ژمارەی دانیشتوانیان زیادی نەکرد، کە یەکێکە لە گەورەترین تاوان و هەڵەی پیاوە ئاینیەکانی ئەوروپا لەمەڕ خۆیان و دینەکەیانەوە. کە هەر خۆیان نوێنەرایەتیان دەکرد. کە گەلێك زانیاری (( جوگرافی و مێژووی و سروشتی )) ئەو سەردەمەیان تێکەڵ بە پەرتووکە پیرۆزە ئاینیەکانیان دەکرد، تەنانەت هەر شتێکیان لە دەم و دووی خەڵکەوە ببیستایە بە پیرۆزیان دادەنا، هەندێك لەو زانیاریانە ڕاڤەناس و تەفسیرناسانی تەورات و ئینجیلیش باسیان کردبوو، هەستان ئەو زانیاریانەیان هێنا و مۆرێکی ئاینیان پێوە لکاند و کردیانە ئامۆژ و بنەرەتی دین و گەلێك پەرتوکیان لەبارەوە نووسی و لەسەر خەڵکیان واجب کرد کە باوەڕی پێ بهێنن، وە زانستە جوگرافیاکەش کە لەلای خواوە هیچ بەڵگەیەکی بۆ دانەبەزی بوو، ناویان لێنا جوگرافیای مەسیحی ( Christian geography ) . بەڵام کەنیسە ئەوکاتە دژیایەتی لەگەڵ زانست دەستپێکرد کە بورکانی ئاوەزی ئەوروپا دەتەقیەوە و زانا سروشت ناسەکان بەبەڵگەی ڕونەوە ڕەخنەی ڕاشکاوانەیان لە بیردۆزی جوگرافیاییەکانی نێو پەرتووکە ئاینیەکان گرت و گشتیان بەدرۆ خستەوە .

لەم کاتەدا کەنیسە ئەمانی نەما و ئاگری لە چاوان دەباری، پیاوانی کەنیسە ڕووبەڕووی زاناکان بوونەوە و بە بێ بڕوایانیان لە قەڵەمدان و خوێن و ماڵیانیان حەڵاڵ کرد، بۆ ئەم مەبەستەش (دادگای پشکنین ) یان دامەزراند، شەو و ڕۆژ زاناکانیان ڕاوەدەکرد و تووشی سزای سەختیان دەکردن، وا مەزەندە دەکرێت ئەوانەی بە سزای ( دادگای پشکنین ) کوژرابن نزیکەی ( سێ سەد هەزار ) کەس بوو بن، کە سی و دوو هەزاریان هەر بە زیندوویی سووتێنراون، یەکێك لەوانە ( برۆنۆ ) بوو کە دەیوت جگە لەم جیهانە جیهانی تریش هەیە، هەروەها ( گالیلۆ )ش کوژرا، لەبەر ئەوەی دەیگوت زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە .

ڕوناکبیر و تازە خوازان چیتر خۆیان پێنەگیرا، دژ بە کەنیسە وەستانەوە و هەرچی شتێکیش لە کەنیسە هەبوو وەك ( بیروباوەڕ ، کلتور ، زانست ، خوڕەوشت و ئاداب، ... ) ڕق و قینیان لێ هەڵگرت، بە پلەی یەکەم لە دینی مەسیحی و پاشان هەرچی ناوی دین بوو بێ خاترانە دەوەستانەوە، دواتر شۆرش گێران بڕیاریان چەسپاند و گوتیان زانست و ئاین دوو شتی ناکۆکن و قەت کۆك نابن ، هەرکەس ڕوو لە یەکێکیان بکات دەبێت پشت لەویتریان هەڵکات .

بەڵام تازەخوازان نە بۆ خۆیان و نە بۆ خەڵکیش ، ئەو دڵسۆزە نەبوون، چونکە ئاوڕێکیان لە ئیسلام نەدایەوە و نەشیان دەویست ئاوڕی لێ بدەنەوە، کە چەندین نەتەوەی هاوچەرخ پەیڕەویان لێ دەکرد و لە قەیرانەکەش ڕزگاری دەکردن، چونکە پیاوانی کەنیسە پڕوپاگەندەی زۆریان بۆ ئیسلام و پێغەمبەر ﷺ هەڵبەستبوو، هەروەها ئەوروپاییەکانیش بایەخیان بە ڕۆژی قیامەت نەدەدا، وە موسڵمانانیش لە بانگەوازی ئیسلامدا کەمتەرخەمبوون ...

گشت ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تریش بوونە هۆی ئەوەی ئەوان نەگەڕێنەوە سەر دینی ئیسلام و دەستی پێوە بگرن، هەر بۆیە دەبینین تا ئێستاش دژایەتی دەکەن .

**و: عبدالجبار أحمد زۆراب**

**پ.بنەرەتی : بەشی کۆمەڵایەتی**

## زانست دەپرسێت..؟

خوێنەرانی بەڕێز: یەکێك لەو پێشنیارانەی بۆ بڵاوکراوەی زانست کراووە ، ئەوەبوو کە لە هەر ژمارەیەکدا لێکۆلینەوە یان پرس و ڕایەك بکات لەسەر گرفتێکی بواری زانست و فێرخوازان... جا بەپێویستمان زانی هەرجارەو گفتوگۆیەك سەبارەت بە هۆکارەکانی لاوازی ڕۆشنبیری و پاشان چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزینەوە لەلایەن هەریەك لە دەرچوان و خوێندکارانی هەریەك لە زانکۆو پەیمانگاکان و...،بەهیوای ئەوەی دەرمانی هەندێك لە نەخۆشییەکان بۆ ئەو بوارانە دەست نیشان بکەین بەپشتیوانی خوا.

پرسیار١: بەڕێزت هۆکاری دابەزینی ئاستی زانستی قوتابیانی هەرێمی کوردستان بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

پرسیار٢: ئایا چارەسەری بنچینەیی بۆ ئەم گرفتە چی یە؟

م.عامر عبدالله حسن، مامۆستا لە پەیمانگا، بەم شێوە وەلآمی داینەوە:

وەڵامی یەکەم:

١) نەبوونی پێوەرێك قوتابی هەڵبسەنگێنێ دوای تەواوکردی پۆلی شەشەمی ئامادەیی لەڕووی بنەمای زانستییەوە.

٢)دروست بونی ڕایەك لای قوتابی کە (زانکۆ و پەیمانگا )جێگای سەیران وگەڕان و.....

٣) زۆر بونی بواری (ترفیهی) وەك ( مۆبایل چات ...هتد)

٤) پێشبینی قوتابی بۆ دانەمزراندنی دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگا .

وەڵامی دووەم:

١)دروست کردنی بنەماکانی (reword) بەخشین (مکافأە) بۆ ئەو قوتابیانەی کە زۆرن نمرەی بەرز دەهێنن.

٢)دروستکردنی لیژنەیەکی باڵا بۆ ڕەچاوکردنی هەموو ستاف مامۆستا یان قوتابیان لەڕوی زانستیەوە.

م:محمود، مامۆستای زانکۆ وتی:

وەلامی یەکەم :

هۆکارەکان زۆرن بەڵام ئەوەی کە سەرەکی و گرنگن ئەوەیە:

١. بایەخ نەدان بی تەکنەلۆژیای سەردەم لە بواری فێربووندا.

٢. بیرکردنەوەی کۆن (تقلیدی ) بۆ چارەسەری کیشەی پەروەردە.

٣. بایەخ نەدان بە فێرکردنی مامۆستاو جەخت کردن لەسەر قوتابی بە تەنها.

٤. بایەخ نەدان بە لایەنی پراکتیکی .

٥. نەبوونی پلان بۆ دابەشکردنی دەرچوانی کۆلێژەکان.

٦. دابڕانی پەروەردە لە گەشەکردن و جوڵەی فێربوون لەگەڵ دونیای دەرەوەدا .

وەڵامی دووەم:

چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانەی سەرەوە بەڕای من بواری پەروەردە دەوڵەمەندتر دەکات و گەشەیەکی بەرچاوی پێ دەبەخشێت.

فکره أحمد، خوێندکاری زانکۆ بەم شێوەیە دوا:

وەڵامی یەکەم:

هۆی دابەزینی ئاستی زانستی قوتابیان بەبۆچوونی من دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکاری سەرەکی یەکەم هۆکار مەنهەجی خوێندن دووەم هۆکاریان ئاستی توانای زانستی مامۆستایەکە بەشێوەیەکی دڵسۆز لەناو پۆلدا وانەکە نالێتەوەبەڵام کاتێك بەتایبەتی دەگیرێت بەشێوەیەکی زۆر باش وانەکە شەرح دەکات,هۆکاری سێیەم خوودی خوێندکار خۆیەتی لەگەڵ هەبوونی ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە هیچ هەوڵێکی ئەوتۆ نادات بۆ فێربوون.

وەڵامی دووەم:

بەبۆچوونی من چارەسەری ئەم گرفتە پێویستە لە مەنهەجی خوێندنەوەوە دەست پێ بکات,بەشێوەیەك ناوەڕۆکی مەنهەج بگۆردرێت کە لەگەڵ ئاستی توانای خوێندکارو مامۆستاو ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی بگونجێت,وەهەروەها هەر مامۆستایەك کە دەیەوێت وانە بڵێتەوە إمتحانی توانای لەڕووی عەقڵی وجەستەییەوە بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت توانای وانە وتنەوەی هەیە یاخوود نا,وە هەروەها خودی خوێندکاریش لەگەڵ چاك بوونی دوو گرفتەکەی سەرەوە هەوڵێکی زۆر بدات بۆ فێر بوون.

شەیما سەرکەوت، خوێندکاری زانکۆ، وتی:

وەڵامیەکەم:

١)هاتنە ناوەوەی ئامێری تەکنەلۆجیا بەشێوەیەك لەبری ئەوەی بەپێی پێویست بەکاری بهێنین,مەخابن بەناشارستانی بەکار دەهێنرێت.

٢)سەرقاڵی گەنجان بەشتی لاوەکی نەك پەرە پێدانی خوێندنەوەی کتێبێکی بەسوود.

٣) باری ئابووری هۆکارێکی ترە بۆ ئەم دابەزینە.

وەڵامی دووەم:

١)کردنەوەی دەورەی زانستی بۆ خوێندکاران

٢)سەرف کردنی لایەنی مادی حوکمەت بۆ خوێندکاران.

٣)دانی پارە بۆ قوتابیانی کەم دەرامەت بۆ کڕینی کتێب و....

٤) هەوڵ دانی خوێندکاران بۆ بەرەو پێش چوونی زانست.

٥)هاندانی خوێندکاران لەلایەن دەسەڵاتەووە.

٦)خوێندنەوەی کتێبی زانستی و ڕۆشنبیری.

٧)گرنگی دانی خوێندکاران بەبواری زانست.

م. ئاراز فایەق، مامۆستای بنەرەتی وتی:

وەڵامی یەکەم:

١) گۆڕینی پرۆگرامەکان بەخێرایی، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ژینگەی قوتابی بکرێت.

٢) زۆری خوێندکاران لە پۆلێکدا کە لە بنچینەدا دەبێت ٢٥ – ٣٠ خوێندکار لە پۆلێکدا بێت، نەك ٤٥ – ٥٠ ، وەك دەبینین.

٣) ئیستا وەك ئاشکرایە قۆناغەکانی بنەرەتی پۆلەکانی ( ١ تا ٩ )یە، بەمەش ڕەنگە مامۆستا ناچار بکرێت وانەکانی پۆلی (٧ – ٩ ) بڵێتەوە لە کاتێکدا خۆی مامۆستای (١-٦)ە، بەمەش زیان بە قوتابیان دەگەیەنێت.

٤) کەمی بینای خوێندن و قەرەباڵەغی پۆلەکان.

وەڵامی دووەم:

١) کردنەوەی دەوام بە یەك دەوامی، کەوا لە خوێندکاران بکرێت زۆرترین کات لە قوتابخانە بن، نەك سێ سەعات..!

٢) دروست کردنی بینای خوێندنی زیاتر بۆ ئەوەی چیتر دوو و سێ دەوامی نەمێنێت.

٣) کردنەوەی خوولی بەهێزکردنی بەردەوام بۆ مامۆستایان بە پێی پسپۆڕییان.

٤) هەق وایە وانەکان بە پێی پسپۆڕی دابەش بکرێن بەسەر مامۆستایاندا نەك بە ئارەزووی بەرێوەبەر، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی پسپۆڕی بکرێت.

مامۆستا عەلی خان، مامۆستای ئاینی بۆ زانست ووتی:

وەڵامی یەکەم:

١) سەقامگیر نەکردن و تۆکمە نەکردنی مەنهەج و پرۆگرامی خوێندن، بە شێوەیەکی گونجاو.

٢) دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کە ئەوەندە ئاوڕی لە خزمەت کردنی بواری زانستی و پەروەردەیی نەداوەتەوە.

٣) کەم تەرخەمی و نابەرپرسیارێتی لای هەندێ مامۆستا، بۆ جەخت کردنەوەی لەسەر مانەوە یان دەرچواندنی قوتابیان.

٤) زۆربوونی ئامێرە سەرقاڵکەرەکانی وەك ئەتاری و موبایل و .....

٥) تێکەڵاوی کوڕ و کچ، بە بێ گوێدانە دەرەنجامەکانی.

وەڵامی دووەم:

دەڵێن: کە نەخۆشی زانرا چارەسەر ئاسان دەبێت. ئەوانەی سەرەوە چارەسەر بکرێت..!

جـــا خوێنـــەران و فێرخـــوازان و مامۆســـتایان و بەرپرسانی خۆشەویست، ئیمە گرفت و چارەسـەر دەخەینە پێش چاو، بـەو هیوایـەی بە پێـی توانا ڕەچاو بکرێـت، وە هەریەکەو لە ئاستی خۆی با چاکسازی و باشە کاری بکات، تـاوەکو هەریەکـە ببینـە کەسـێکی ئیجـابی و بەسـوود بـۆ کۆمەڵگـە و نیـشتمانمان، دواتـر خـودا خـۆی دەزانێـت و ئاگـادارە بـەو کەسـانەی کـە چاکە کـارن و سوودبەخـشن و پەیامی جوانکاریـان پێیە بۆ هـەمووان، با هـەمومان هـەوڵی ئـەوە بـدەین کـە ئەگـەر تاکـە خـشتێکمان بـۆ دادەنرێـت لـە بونیادنانی وڵاتێکی پاك و پێشکەوتوو، با درێخـی نەکـەین، وە پێغەمبـەری خـوداش فەرموویـەتی: (( کلکـم راع و کلکـم مسؤل عـن رعیتـە...)) واتـە : هـەمووتان شوانن( بەرپرسـن) وە هەمووشـاتن پرسـیارتان لێ دەکرێـت دەربـارەی ئـەوەی لەژێر دەستاندایە..

**ئامادەکردنی:**

**صباح نجیب و بیلال جەلال**

# ئەدەب لەگەڵ فەرموودەی خوای گەورە ( قورئانی پیرۆز )

١.پێویستە لەسەر موسڵمان کە قورئان بخوێنێتەوە لەکاتێکدا کە لە تەواوترین باردایە ، لەبارەی پاکێتی ، و دانیشتن بە ئەدەب و ڕێزەوە ... هتد .

٢. پێویستە لەسەر موسڵمان بە لەسەرخۆی قورئان بخوێنێتەوە و پەلە نەکات لە خوێندنەوەی لەبەر فەرموودەی ﷺ : " من قرأ القرآن في أقل من ثلاث ؛ لم يفقهه " ( صحيح سنن أبي داود : ٢٤٦٦ ) .

واتە: هورکەس قورئان لە سێ ڕۆژ کەمتر بخوێنیتەوە ( هەمووی )، لێی تێنەگەشتووە..

٣. پێویستە موسڵمان لەکاتی خوێندنەوەی قورئاندا تێبفکرێ و بیر لە واتاکانی بکاتەوە لەگەڵ گەرە ڕاگرتن و دڵ لەلابوونی بۆ تێگەیشتن لە واتا و پەنهانیەکانی .

٤. پێویستە لەسەر موسڵمان خوێندنەوەی بەدەنگی خۆی جوان بکات لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ : " زينوا القرآن بأصواتكم " ( صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة : ٧٧١ ) .

واتە: قورئان برازێننەوە بە دەنگەکانتان..

هەروەها دەفەرمێت ﷺ : ( لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَتَغَنَّ بِالْقُرْآنِ ) ( متفق عليه ) .

واتە: ئەوەی دەنگی بەکارنەهێنێت لە قورئان خوێندندا، لە ئێمە نیە.

٥. پێویستە لەسەر موسڵمان کە ئەگەر لە ریا وو ناوبانگ ترسا ئەوا قورئان بەدەنگی نزم بخوێنێتەوە ، هەروەها موسڵمان دەبیت دەنگی خۆی نزم بکاتەوە ئەگەر نوێژخوێنێکی تری مشەوەش کرد ( لێی تێکدا ) لەبەرئەوەی لەم بارەیەوە هاتووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ : " الجاهر بالقرآن كالجاهر بالصدقة " ( صحيح سنن أبي داود : ١٣٣٣ ) .

واتە: ئەوەی قورئان بە ئاشکرا بخوێنێتەوە، وەکو ئەوە وایە کە خێر بە ئاشکرا دەکات.

م . رزگار
دەرچووی ئینگلیزی

## Ethics with the speech of Allah, The Exalted "the Holy Quran"

1. The Muslim should recite the Quran while he is in his best status concerning his purification and sitting politely and respectfully.

2. The Muslim should recite the Quran slowly, not read it quickly for His saying (P.B.U.H) "he does not comprehend the Quran that who reads it less than three".

3. The Muslim should recite the Quran deliberately and contemplatively with glorification. He should recite it from the bottom of his heart so that he understands all of its meaning and secrets.

4. The Muslim should improve his recitation by his voice for His saying (P.B.U.H) "make the Quran better by your pleasant voice". He (P.B.U.H) also says "he is not among us (Muslim) he who does not recite the Quran with a pleasant tone"

5. The Muslim should recite the Quran in a low voice if he is afraid of hypocrisy and reputation. Also, the Muslim should low his voice if he confuses another prayer for what was said about him from the prophet (P.B.U.H) "one who recites the Quran in a loud voice is like one give alms openly"

